


خستنە سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

ستۆکهۆلم ــ ١٩٨٨

# پێشەکی

بێگومان ململانێ بیرو باوەڕو جیاوازی بۆچوون و هەڵسەنگاندنی ڕووداوی ڕۆژانە ، دیاردەیەکی سروشتی‌یە لە ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی فرە چین و خاوەن دەستەو توێژی جیاوازدا . بەڵام لێکدانەوەی بارودۆخی دوێنێ بە چاویلکەی ئەمرۆ ، لەبەر چاو نەگرتنی ئەو گۆڕانەی کە لە هەڵوێست و بۆچوونی هێزێکی سیاسی دا ، یا خود لە ڕێبازی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی وەك بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە وڵاتێکی دوواکەوتوو لە بارو دۆخی تێکۆشانی نهێنی و هێرش و پەلاماری ڕژێمە کۆنەپەرستەکان و چینە دەستە لاتدارەکان دا پێك دێت ، کارێکی ئاسایی نی‌یە ، بەڵکو پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی‌یەکی قوڵی بابەتی هەیە ، دوور لە هەڵچوون و بە لەبەرچاو گرتنی ڕاستی مێژوویی‌و سەلماندن و بەپەرچ دانەوەی بۆچوونی هەڵە ،لە ڕوانگەی بەڵگەو نووسینەکانی خودی بزوتنەوەکە ، نەك پەنابردن بۆ بەڵگەی ڕیژێمی کۆنە پەرست و داوودەزگای جاسوسی و مرۆڤی ڕووخاوی بزوتنەوەکە ، یا خود ئەو کەسانەی بە هەر بیانوویەك بێ خۆیان دوور کردۆتەوە ، یا خود دوور کراینەوە لە ڕیزی پارتێك یا خود گروپیکی سیاسی دا .

لەو سالانەی دووایی‌دا ، هێرش و پەلاماریکی زۆر دەکریتە سەر پارتی کۆمۆنیستی عیراق و هەڵوێستی لە بارەی مەسەلەی کوردەوە . جا ئەو هێرشە لە چەند لایەنێکەوە دەکرێ کە ڕێبازو بیرو هەڵویستی‌یان لێك جیاوازە ، بەلام

دژایەتی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و بیری مارکسی کۆیان دەکاتەوە.

دەکرێ ئەوانەی هێرش دەهێننە سەر پارتی کۆمۆنیستی عیراق بە سێ جۆر دابنرێن :

ئەلف - دەزگای جاسوسی عیراق کە ژمارەیەك کتێب و پەرتووکی تایبەتی تەرخان کردوە بۆ شیواندنی هەڵویستی پارتی کومونیستی عیراق و کۆمۆنیستەکان بە گشتی و تاوانی دژایەتی نەتەوەی عەرەب و مەسەلەی یەکێتی عەرەب و مەسەلەی فەلەستین و و پەروەردەکردنی بیری جیاوازخوازی کوردی دەدەنە پاڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراق .

ب - هەندێ لەوانەی ماوەیەکی زۆر لە ریزی پارتی کۆمۆنیستی عیراقدا کاریان کردوە و بۆیان نەچۆتە سەر کە رێبازی ئەو پارتە بگۆڕن و رێبازی دژایەتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی بەسەردا بسەپێنن ئەوانە وەك خۆیان بە مارکسیستی عەرەب دەدەنە قەڵەم و رێبازی سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیست بە لادەر دەزانن و تاوانی ئەوە دەخەنە پاڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراق کە بۆتە کلکی بۆرژوای نەتەوەیی کورد و لەم روانگەیەوە هێرش دەهێننە سەر رێبازەکەی.

ج- لە نێو کۆمەڵگای کوردەواری کوردستانی عیراقیش دا دوو جۆرە تاقم هەن کە ئەرکی " پیرۆزی"دژایەتی بیرو باوەری کۆمۆنیستی و پارتی کۆمۆنیستی عیراقیان خستۆتە ئەستۆ:

١- تاقمێك لە ژێر دروشمی مارکسی - لینینی و پێش رەوایەتی چینی زەحمەتکێشانی کوردستان. ئەوانە پارتی کۆمۆنیستی عیراق بە لادەر لە رێگای مارکسیستی دەدەنە قەڵەم ( ئەم باسە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی هەیە ) .

٢- تاقمی دووەم ، هەڵگرانی بیری گازیك و ریبازی گازیك ، بە تایبەتی دووای دامەزرانی " پاسۆك " (*) ، ئەوانەش دارو دەستەی دوکتۆر جەمال نەبەزن لە دەرەوەی وڵات.

---

(*) پاسۆك - پارتی سۆسیالیستی کورد لەبەرەی "جود" لەگەڵ پارتی ←

بێگومان دژایەتی دوکتور جەمال نەبەز بەرامبەر بیری کۆمۆنیستی هی ئەمرۆ نیە ، بەڵکو دەگەرێتەوە بۆ کۆتایی پەنجاکان و پەیدابوونی کاژیك لەساڵی ۱۹۵۹ دا ٠ لە کۆتایی شێستەکان دا لەبەڵگەو بەیانەکانی کاژیك دا ، داوای پان کردنەوەی سەری کۆمۆنیستەکان دەکاو بە خایینی کوردو کوردستانیان دا دەنێ و دەنووسێ : " **ئێمە کە ئالا هەڵگری نەتەوەیی ی کوردی دابەشکراوی بێ کەسین نەگبەتین ، بۆچی ئەبێ مافی ئەوەمان نەبێ ، کە ئەوانەی ڕەپوراست و بێشەرمانە خەیانەت بە کوردو کوردستان ئەکەن ، سەریان پان کەینەوە؟ بێگومان ئەوانەی لە ڕێگەی کز کردن و پێشێل کردنی بیرو باوەری کوردانەی کاژیکانەوە ئەیانەوێ نەتەوەکەمان لەناو بەرن ، دیارە ئێمەش مافی ئەوەمان هەیە هەوڵی لەناو بردنیان بدەین بە خۆیان و بیرو باوەری پیسیانەوە**"(۱)

بەڵام دوکتور نەبەز لەو ساڵانەی دووایی دا چالاکی‌یەکی پتری هەیە لەم بوارەدا ، خامە و توانای خۆی تەرخان کردوە بۆ دژایەتی بیری کۆمۆنیستی و کۆمۆنیستەکان ، جا بە هۆ و بێ هۆ هێرش و پەلاماریان بۆ دێنێ ، بەڵکو هەوڵ دەدا ئەوە بسەلمینێ کە ئەوەی بەسەر کورد هاتوە و دێ هۆیەکەی بیری کۆمۆنیستی و هەڵوێست و رێبازی کۆمۆنیستەکانە٠ تا رادەیەك لە پێشەکی " گۆڤاری نیشتمان " دا دەنووسێ : " **روو کردنە مارکسیزم و کۆمۆنیزم و دڵ دان بە یەکێتی‌ی سۆڤیەت لە لایەن ووردە بورژوای رۆشنبیری کوردەوە ، بەشیوەیەکی فرەوان ، دەست بە جێ پاش تەواو بوونی جەنگی جیهانی‌ی دووەم هەتا ئەمرۆش ، هۆی ئەوە بوو کە بە لە سێدارەدانی قازی محەمەد و دەربەدەرکردنی بارزانی دوور خستنەوەی لە کوردستان٠٠٠**"(۲) ( ئایا ئەو بۆ چوونە پاکانە کردن نیە بۆ تاوانی شای ئیران و حکومەتە ئیمپریالیستەکانی ئینگلیز و ئەمریکا ! )

ئەوەی شایانی باس بێت دوکتور نەبەز لەم دووایی یە دا کتێبێکی تایبەتی

---

← کۆمۆنیستی عیراق هاوکاری دەکرد ، ئێستاش لەبەرەی کوردستانی عیراق شان بەشانی کۆمۆنیستەکان خەبات دەکا ٠

تەرخان کردوە بۆ شیواندنی هەڵوێستی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و مەسەلەی کورد لە ژێر سەردێری : " **گۆڤاری کۆمۆنیستانەی یەکێتیی تێکۆشین ٤٤ ـ ١٩٤٥ و ئیدیۆلۆژیی هوردە بورژوای مارکسیستی کورد** " ـ ستوکهۆلم ١٩٨٨ ، کە بڵاوکراوەی ئاکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەرە ، کە دوکتور جەمال نەبەز یەکێکە لە دامەزرێنەکانی ئەو ئاکادیمیایە.

ئەم کتێبە بریتییە لە : پێشگۆتن ، بەندی یەکەم : پارتی کۆمۆنیستی عیراق و دۆزی ناسیونالی کورد. بەندی دووەم : گۆڤاری یەکێتی تێکۆشین لەژێر هوردە بینی لێکۆڵینەوەدا . ـ ئەنجام .

ئەم ووتارە تەرخان کراوە بۆ شی کردنەوەی بەندی یەکەمی ئەو کتێبە ، مەبەستیشی بەرگری کردن نیە لە هەڵوێستی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بەرابەر مەسەلەی کوردو رێبازی ئەو پارتە . چونکە پارتی کۆمونیستی عیراق لە هەڵسەنگاندنەکانی ساڵی ١٩٦٧ (کونفرانسی سێیەم) و ساڵی ١٩٨٥ (کۆنگرەی چوارەم) بە هەڵویست و سیاسەتی خۆی دا چۆتەوە دانی بە هێندی هەڵەو کەم و کوری سیاسەتی رابردووی خۆیدا ناوە چ لەبارەی مەسەلەی پێوەندی لەگەڵ حکومەتی قاسم یا خود لەگەڵ بەعس هەروەها لە مەسەلەی کورد. بەڵکو مەبەستی سەرەکی ئەم ووتارە راستکردنەوەی ئەو هەڵەو چەوتیانەیە کە دوکتور نەبەز توشی هاتوەو رووداوەکانی شیواندوون ، راستی مێژوویی سەراو بن کردوە وهەولی داوە هەڵویستی پارتی کومونیست بەرابەر بە گەلی کورد و بزوتنەوەی رزگاری - خوازی کوردستان بە هەڵویستیکی دووژمنانە بداتە قەڵەم. هەرچەندە دوکتور نەبەز دانی بەوە ناوە کە : " **لە مێژووی سیاسی عیراق و رۆژهەڵاتی نیزیک و ناوەراست دا ، بە تایبەتی لە چارە نووسی دۆزی ناسیونالی کورد، دەورێکی گرینگی گیراوە** "(٣).

هەروەها نووسەر داخ دەکێشێ کە : " **تا ئیستە لێکۆڵینەوەیەکی گشتگری و رێك و پێکی لانە گیرانە لەسەر پارتی کۆمونیستی عیراق نەکەوتۆتە بەردەست خەڵکی ، زۆربەی ئەو شتانەی تا ئەورۆ لەسەر ئەم حیزبە بڵاو کراونەتەوە ، یا یان بە شان و باڵ دا هەڵدان ، یان بە نەحلەت کردن بوون** "(٤).

و هیواداره كه : " **ئەم خەستە باسە بۆ یەكەم جار یارمەتیەكی ئەوە بدات** "(٥) بەلام بەداخەوە ، دوكتۆر نەك هەر هەوڵی ئەوەی نەداوە ، باسێكی بابەتی بنووسی ، بەڵكو بەزۆری هەوڵی ئەوەی داوە لاپەرەی مێژوی كۆمۆنیستەكانی عیراق رەش كاتەوەو بە دوژمنی كوردیان لە قەڵەم بدات .

چونكە نووسەر ئەگەر هەوڵی بدایە ، سەرچاوەی زانیارییەكانی لە بەڵگەو بڵاوكراوەكانی پارتی كۆمۆنیست و هێزە سیاسیە نیشتمانپەروەرو پێشكەوتووخوازەكانی عیراق و بێگانەو كورد وەرگرتبایە ، بێگومان بەم جۆرە رووداوەكانی هەڵنەدەسەنگاندو توشی زۆر هەڵەی مێژویی نەدەبوو ، بەلام نووسەر نووسینەكەی لەسەر بناخەی بەڵگەی دەزگای جاسوسی عیراق و نووسراوەی هێندی لەو كەسانە دارشتوە كاتی بەند كردنیان خۆیان دۆراندوە ، كە خۆی لە خۆیدا ئەم جۆرە بەڵگانە جێگای گومانن . جگە لەوە نووسەر لە نووسینەكەیدا پێرەوی هەمان بیرو بۆچوونی "گازیك نامە" ی كردوە ، كە كوردە كۆمۆنیستەكانی بە " زۆڵە كورد " دەزانی و پارتی كۆمۆنیستی عیراقی بە خایین لە قەڵەم دەدا ، چونكە لە پرۆگرامەكەیاندا باسی بە هێز كردنی لەشكری عیراقیان كردوە .

بەر لەوەی بچینە سەر دەقی باسەكە ، دەمانەوێ بڵێن كە دوكتۆر جەمال نەبەز كاتی بەكار هێنانی ناوی ئەو كەسانەی كە لە كتێبەكەی دا باسی كردوون ، ئاوەڵناوی ئەوتۆی پێوە نووساندوون كە بە هیچ جۆر لە شێوەی لێكۆڵینەوەو نووسینی كار زانستی نایەنەوە . بۆ نمونە : " **قەهدی ـ نا عەرەبی نا موسوڵمان ، ... ، عەرەبێكی موسڵاوی ... شیعەیەكی نەجەفی ، جولەكەیەكی ... سونەكی ... كوردێكی هەولێری ... سلێمانی ... هتد** ".

نووسەری ئەم ووتارە هەوڵی دا كە سەیری هێندی سەرچاوەی تری زانستی بكا بۆ ئەوەی بزانێ كە داخوا لە نوسینی مێژوویی و زانستیدا ئەم شێوە كار و نووسینە باوەو بەكار هاتوە ؟ تەنیا لە كتیبەكەی د . مجید خدوری ـ العراق ـ الجمهوری " دا ئەم جۆرە ئاوەڵناوە دەكەوێتە بەرچاو ئەویش تەنیا كە ناوی شەهید سەلام عادیل دێ (٦) .

# راستكردنەوەی هێندێ هەڵەی مێژوویی بەرامبەر بە هەڵوێست و بۆچوونی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لەسەر مەسەلەی کورد

دوکتۆر نەبەز لەبارەی ئەوەی کە لە میثاقی نیشتمانی پارتی کۆمۆنیستی عیراقدا لە سالی ١٩٤٥ کورد بە " کەمە نەتەوە " هاتوە " یەزیدی "ش بە کەمە نەتەوە لە قەڵەم دراوە دەنووسی : " **بێجگە لەمەش دەبێ ئەوە بزانین کە رۆژنامەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق ، نە (کیفاح الشعب) " خەباتی گەل" کە لە ١٩٣٥/٧/٣١ دا دەرچووە ، نە " الشرارە" (پزیسك) کە لە ١٩٤٠ وە تا ١٩٤٣ دەرچوو ، وە نە " القاعیدە" (بنکە) کە لە سەرەتای سالی ١٩٤٣ دەرچوو ، هیچیان تا ئەو کاتە بە یەك ووشەش باسی مەسەلەی کوردیان تیدا نەبووە** "٠(٧) ٠

ئەوەی راستی بێ ، لە سالی ١٩٣٥ و لە ژمارەی یەکەمی " کیفاح الشعب"دا دان نان بە مافی سەربەخۆیی کوردستانی عیراق هاتوە٠ دوکتور سعاد خیری دەنووسێ : " رۆژنامەی - کیفاح الشعب یەکەم رۆژنامەی نهێنی عیراقییە ، کە لە لاپەرەی یەکەمیدا دروشمە سەرەکییەکانی دەست نیشان کراوی پارتیمان بۆ بزوتنەوەی نیشتمانی و دیموکراتی لەوانە : دان نان بە مافی سەربەخۆیی کوردستانی عیراق "(٨)٠

جگە لەوە پارتی کۆمۆنیستی عیراق ، دووای دەرچوونی " میثاقی نیشتمانی" بە چوارمانگ وانە لە ١٩٤٥/٩/٢٢ لە پرۆگرامی دەستەی دامەزرینەری

" پارتی رزگاریخوازی نیشتمانی - حزب التحرر الوطنی " دا کە ئاشکرایە سەرکردایەتی ئەو پارتە لە کۆمۆنیستەکان پێك هاتبوو ، هەڵوێستیان لەمەر کورد گۆرانی بەسەردا هاتوە و لەبەندی ( چواری ) پرۆگرامی ئەو پارتەدا کە بۆ وەزارەتی نێو خۆ پیشکیش کراوە نووسراوە : " ویری حزبنا ان حجر الزاویة لبناء هذه الوحدة ( الوحدة الوطنیة ) هو الصداقة والاخوة بین القومیتین الرئیسیتین اللتین یتألف منهما الشعب العراقی ، بین العرب و الاکراد صداقة مبنیة علی اساس الاحترام المتبادل والمساواة التامة فی جمیع الحقوق السیاسیة والثقافیة والاقتصادیة دون تمییز او تحدید " (٩) .

دوکتور نەبەز لە دەریای شێواندنی راستیەکاندا وەها نوقم بووە کە هەوڵ نادا مێژووی رووداوەکانیش بەراستی بنووسێ . لە لاپەرە (سێ) دا دەنووسێ :

" ... **یەکەمین کونگرەی حیزبەکەی** ( مەبەست فهد )ە **لە شووباتی ١٩٤٥ دا لە بەغدا بەست** " . بەلام ئەوەی راست بێ کۆنگرە لە نیسانی ١٩٤٥ بەستراوە . لە لاپەرەکانی ١٢ - ١٥ دا دوکتۆر نەبەز بە دوورو درێژی باسی تاقمی عەزیز شەریف و ئەکرەم یامولکی و حەمید عوسمان و رووداوەکان دەکا ، بێ ئەوەی پەنجە بۆ ئەو سەرچاوانە رابکیشێ کە زانیاریەکانی لێ وەرگرتوە ، بەلام پیاو بە تۆزیك لێ وورد بوونەوە بۆی دەردەکەوی کە دوکتۆر نەبەز سەرچاوەی سەرەکی زانیاریەکانی لەبارەی رووداوەکانی نێو پارتی کۆمۆنیستی عیراقدا لە چلەکانەوە تا دەگاتە شیستەکان لە کتێبی " أضواء " وەرگرتوە . دوکتور نەبەز لە لاپەرە ی ١٥ دا دەنووسێ : " **بەلام پارتی کۆمۆنیستی عیراق دەیگوت کورد ( نەتەوە نیە ) و لەبەر ئەوە نابێ ریکخراوی پێشرەوانەی خۆی هەبێ و لەو هەڵوێستەشیدا پالی دەدا بە تاریفی ستالینەوە بۆ ( نەتەوە )** " .

جارێ دوکتۆر نالێ پارتی کومۆنیست لەکام بەڵگەنامەدا وای گوتوە پاشانیش ئەوەی لەبیر چوە کە هەر لە چلەکاندا هاورێ فهد داوای لە خەلکی کورد کردوە خۆی رێکخا و حیزب و رێکخراوی دیموکراتی خۆی درووست کا ... رۆژنامەی " ئازادی " لە ژمارەی یەکەمی سالی ١٩٤٤ دا دەنووسی : " داوا لە رۆلە هوشیارەکانی قەومەکەمان دەکەین ، داوا لە هەموو کوردێکی دلسۆز کە گەل و

نیشتمانەکەی خۆش دەوێ ، گەلەکەی بێ ڕێکخستن بەجێ نەهێلێ ، خەبات لە پێناو دامەزرانی حیزب و کۆمەڵەی دیموکراتی بکا و گەل ئامادە بکا بۆ بەکار هێنانی مافی چارەنووس ، بۆ ئەوەی یەك گرتنی لەگەڵ عەرەبی عیراق لەسەر بناخەی مافی یەکسانی بێ" (١٠) ٠

بۆ مێژووش پێویستە بگوترێ کە هەڵسەنگاندنەکانی پارتی کۆمۆنیست لەبارەی " **هیوا** " وە چ ئەو کات، واتە لە چلەکان ، چ تا ئیستاش لە نووسینی هێندی کەس دا لەبارەی مەسەلەی کورد دەنووسن و بۆچوونی کۆن لەبارەی" هیوا " دووبارە دەکەنەوە ، لەو نووسەرانە سعاد خیری مەرکی خیری دوکتور ماجد عبدالرضا بێگومان هێندی بۆچوونی چەوت لە نووسینی نووسەرانی ناوبراو بەرچاو دەکەوێ چ لەسەر" پارتی هیوا" و چ لەبارەی"مافی جیابوونەوە".

دوکتور نەبەز لە لاپەڕەی ١٧ دا باسی ئەو شەرەدەنوکەمان بۆ دەکا کە لە نێوان " القاعدة " وە"راية الشغيلة" ڕووی داوە ، بەلام پەنجە بۆ ژمارەکانی ئەو دوو ڕۆژنامەیە ڕاناکێشی ، دیارە هەمان زانیاری لە " أضوء ٠٠٠ بەرگی یەکەم لاپەرە ١٣٩ ــ ١٤٠ وەرگرتوە ٠

دوکتور نەبەز لە لاپەرە ١٨ دا دەنووسی :" **٠٠٠ تەنانەت کە حیزبەکانی عیراق لە مانگی نیسانی ١٩٥٤ دا ( بەرەیەکی نیشتمانی ) یان پێك هێنا بۆ ئەوەی پێکەوە بچنە مەیدانی شەری هەلبژاردنەوە بۆ پارلەمان و رووخاندنی وەزارەتی ئەرشدو الومەری ، پارتی کۆمۆنیستی عیراقیان لەو( بەرە)یەدا وەر نەگرت، بەلام پارتی کۆمۆنیست توانی لە کوردستاندا ( بەرەیەك) لەگەل پارتیەکاندا بکاتەوە" ٠**

ئەوەی ڕاست بێ ، پارتی کۆمۆنیستی عیراق لایەنێك بوو لەو بەرەیەدا ،بەلام بۆ ئەوەی بەرەکە نەکەوێتە بەر تەوژم و پەلامار ، حیزبەکان وا ڕێك کەوتن نوێنەری ڕێکخراوەکانی کرێکاران و جوتیاران و پاریزەران و پزیشکان و خوێندکاران لە تەك حیزبەکان ئیمزا بکەن٠ لەم بارەیەوە ماموستا فایق بطی پەنجەی بۆ ڕۆژنامەی " صوت الاهالی " ژمارە ١٨٧ رۆژی ١٦/٥/١٩٥٤ را ـ دەکێشێ (١١)٠ هەروەها نووسەری کتێبی " شورشی ١٤ی تەموز " لیث‌عبدالحسين

الزبيدی پەنجە بۆ دوو سەرچاوەی باوەڕ پێ کراو ڕاکێشاوە کە هەر دووکیان ئەو ڕاستییە دەسەلمینن کە پارتی کۆمۆنیستی عیراق یەکێك بوە لە بەشدارەکانی ئەو بەرەیە ( د . فاضل حسين - تاريخ الحزب الوطني الديمقراطي - بغداد ١٩٦٣ ص ٣٥ ، عبدالرزاق الحسني - تاريخ الوزارات العراقية - ج ٩ ص ١٣٩ ) ، ليث عبدالحسين دەنووسێ : " لقد عقد الحزب الوطني الديمقراطي و حزب الاستقلال وانصار اسلام والحزب الشيوعي العراقي وبعض المستقلين سلسلة إجتماعات للاتفاق على ميثاق وطني لخوض الانتخابات ، وقد اتفق على ان تكون الجبهة الوطنية المنبثقة مقتصرة على الانتخابات ولم يكن متفقا ان تكون دائمة . وقدذكر الموقعون على ميثاق باسماء مبهمة لتغطية الشيوعيين " (١٢).

دوکتور نەبەز لە لاپەرە ١٨ دا دەنووسێ : " ڕۆژنامەی ( خەباتی زیندانیی شۆڕشگێر - كفاح السجين الثوري) کە حەمید عوسمان لە بەندیخانەی بەعقووبەوە دەری دەکرد ، لە مانگی مایسی ١٩٥٤ دا هێرشی بردە سەر بەرەی حیزبە عیراقیەکان ... ".

دیارە دوکتور نەبەز بەڵگەیەکی ئەوتۆی چاو پێ نەکەوتوە بەڵکو ئەو زانیاریانەی لە لاپەرەی ١٧٤ی " أضواء .. ج ١ " وەرگرتوە .

لە لاپەرە ١٩ دا دەنووسێ : **" هەر لە ساڵی ١٩٥٤ دا دووبەرەکیەکی توند لە نێوان حمید عوسمان و عەرەبێکی شیعەی خەڵکی نەجەف دا کە نێوی ئەحمەد حەسەن الرمزی ( احمد حسن الرضي) ئەندامی کومیتەی نێوەندی بووە ، هەڵگیرسا ئەحمەد حەسەن الرمزی کە بە نێوی خواستەمەنی سەلام عادیل( سلام عادل)ناسراوە بەیارمەتی هێندیك هاوڕێی حیزبی یەوە حمید عوسمانی زیندان کرد " .**

جارێ دوکتور نەبەز ناوی هاوڕێ سەلام عادیلی بە چەوتی نووسیوە ، چونکە ناوی " حسين احمد الرضي " نەك بە پێچەوانە ئەمەش هەر وەك ناوی هاوڕێ فەهدی - شی بە هەڵە نووسیوە ، زانیاریەکانی لە لاپەرەی (١٣١-١٣٤ی أضواء .. ج ١ ) وەرگرتوە . دوکتور نەبەز لە کوتایی لاپەرەی ١٩ و سەرەتای لاپەرەی ٢٠ دا دەنووسێ : **" ... بەڵام پەلە قاژەی حمید عوسمان بێ سوود بوو ،**

**و سەلام عادل توانی لە هاوینی ١٩٥٥ حمید عوسمان لە کومیتەی نیوەندی لا ببا ، و جەمال حەیدەری نێو براو بخاتە کۆمیتەی نێوەندیەوە، و بیکاتە راویژکەری خۆی بۆ مەسەلەی کورد ، و خۆشی ببێتە سکرتێری گشتی ی پارتی کۆمۆنیستی عیراق ٠٠٠"٠**

بەلام بە پێی ئەو زانیاریانەی دوکتۆر جەمال نەبەز دووپاتی دەکاتەوە دەردەکەوی کە شەهید جەمال حەیدەری یەکێك بوە لە سەرکردەکانی "رایة الشغیلة"، ئەو تاقمەش لە ١٣/٦/١٩٥٦ خۆیان هەلوەشاندەوە ، واتە دوای سالێك پاش ئەوەی سەلام عادیل ببوو بە سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی عیراق، جا نازانم چۆن لە سالی ١٩٥٥ جەمال حەیدەری هاتە شوێنی حمید عوسمان !،دوکتۆر نەبەز هەر خۆی لە لاپەرە ٢٠ دا پێمان رادەگەینێ : " **بە یارمەتی پارتی کۆمۆنیستی سوریا و خالید بەگداش سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی لوبنان فەرمەجەللا ئەلحلو دەستەی " رایة الشغیلة" وا لێ بکات کە لە ١٣/٦/١٩٥٦ دا خۆی هەلوەشێنیتەوە** "٠ ( دیارە ئەو زانیاریانەش لە لاپەرەی ١٤٦ - ١٥٠ ی أضواء وەرگرتوە ، بەلام پەنجەی بۆ رانەکێشاوە )٠

دوکتۆر نەبەز لە لاپەرە ٢١ دا باسی ئەوە دەکا کە دوای کۆنگرەی ٢٠ ی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت کە "وازی هێنا لە دیکتاتوریەتی پرولتاریا" دیارە ئەوەش هەر ئەسلی نیە چونکە لە کۆنگرەی ناوبراودا ( دانانی کۆمۆنیستەکان بەرێگای ئاشتییانە بۆ سۆسیالیزم ، هیچ پێوەندیەکی نیە بە سیاسەتی ریفۆرمیستەکان و سۆسیالیستە راست رەوەکان ، کە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا رەد دەکەنەوە )٠(١٣)

دوکتۆر نەبەز لە لاپەرەی ٢٢ دا لە بارەی هەلوێستی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لە شۆرشی میسر دا دەنووسی : " **هەر لەو کاتەشدا پارتی کۆمۆنیستی عیراق سیاسەتی کۆنی خۆی بەرامبەر ناسر و شۆرشی میسر گۆری ٠ چونکە پارتی کۆمۆنیستی عیراق هەر لە کاتی هەلگیرسانی شۆرشی میسرەوە، لە ٢٣ ی تەموزی سالی ١٩٥٢ وەوە تا ئەیلولی ١٩٥٣ ، شۆرشی میسری بە پیلانێکی ئەمریکا و بریتانیا دەزانی ، بەلام کاتێك کە میسر تاقە پەیمانێکی لەگەل چیکۆسلۆفاکیا بەست، ئەوجا پارتی کۆمۆنیستی عیراق سیاسەتی میسری**

**به سیاسەتیکی ( نیشتمانی ی سەربەخۆ ) دایە قەلەم".**

ئەگەر ئەیلولی ١٩٥٣ مەبەست لە پەیمانی نێوان میسر و چیکۆسلۆڤاکیا بێ کە هەڵوێستی پارتی کۆمۆنیستی گۆڕیوە ... ، خۆی مێژوی ڕێك کەوتنی کڕینی چەك لە نێوان میسرو چیکۆسلۆڤاکیا لە ئەیلولی ١٩٥٥ مۆر کراوە.

دوکتۆر نەبەز بۆ سەلماندنی ڕاستی وتەکەی خۆی پەنجەی بۆ ڕۆژنامەی "القاعدة" ژمارە ٢٧ی سالی ١٩٥٢ ژمارەی ٩ی سالی ١٩٥٥ ڕاکێشاوە. کە هیچ کام لەم ژمارانە لای دوکتۆر دەست ناکەوی، بەڵکو دیسان لە لاپەڕەی ١٥٩ - ١٦٠ ی أضواء جلدی یەك و لە لاپەرە ٦٣ی أضواء جلدی سێ وەرگرتوە.

لە لاپەرە ٢٢ دا دوکتۆر نەبەز لەبارەی ناکۆکی نێوان پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و چین و ئەلبانیا دەدوی لە کۆتایی ٥٠ کان کە پارتی کۆمۆنیستی عیراق هێرش و پەلاماری بۆ سەر چین و ئەلبانیا هێناوەو دەنووسی : " **هەر لەم رووەوە پارتی کۆمۆنیستی عیراق کەوتە پەلاماردانی حیزبی (کاری ئالبانیایی بە سەروکایەتی ئەنوەر خواجە و حیزبی ( گەلی چینی ) بە سەروکایەتی ما ۆ تسیتۆنگ ".**

یەکەم لە کۆنگرەی پارتە کریکارو کومۆنیستەکانی جیهان کە لە سالی ١٩٦٠ لە موسکۆ بەسترا هاورێیانی پارتی کومۆنیستی چین( نەك پارتی گەلی چین وەك دوکتۆر نەبەز ناوی بردوە) وە پارتی کاری ئەلباتیا بەشداریان کردوە. پاشان ناکۆکی دەستی پێ کردوە. دیارە چەند ناکوکی توندتر بێ لە ریزی کۆمۆنیستەکان سوودی هەیە بۆ بیری دوکتۆر نەبەز چونکە لە ( بانگی کاژیك ) ی ژمارە ٤ ئەیلولی ١٩٦٨ دا ، لە بەڵگنامەی ژمارە ٥ رەپ وراست دەنووسی : " **وەهەتا ناکۆکی بەینی سەرکردە کۆمۆنیستەکان بە تین تر بی، دیارە سوودیکی گەورەی هەیە بۆ ئێمەی سەر بە بیرو باوەری کاژیکی ".**

هەر لە لاپەرەی ٢٢ دا باسی هەڵگرتنی دروشمی" دیموکراسی گەلی" ( الدیمقراطیة الشعبیة ) کردوە کە پارتی کۆمۆنیستی عیراق هەڵی گرتوە ... ، ئەگەر پارتی کۆمۆنیستی عیراق کەوتە دژایەتی پارتی کۆمۆنیستی چین و ئالبانیا لەو کاتەدا ، چۆن هەمان دروشمی پارتی کومونیستی چینی هەڵگرتوە ،

ئاشکرایە دەبێ ئەو دروشمە بەر لە ناکۆکی نێوان پارتی چین و سۆڤیەت بێ ، چونکە دروشمی "الديمقراطية الشعبية" کە ڕەنگدانەوەی کتێبە بەناوبانگەکەی ماوتسی تۆنگە .

د. نەبەز لەبارەی وەرنەگرتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە " بەرەی یەکگرتنی نیشتمانی " سالی ٥٧ دا دەنووسێ : "**یەکێك لە سەرکردەکانی ئەو دەمەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سالی ١٩٥٧ دا لە بەغدا بە نووسەری ئەم چەند دێرەی ڕاگەیاند کە هۆی وەرنەگرتنی پ . د . ك لە ( بەرەی یەکگرتنی نیشتمانی دا ) تێ چینی کۆمۆنیستەکان بوو لای لایەنەکانی دیکەی( بەرە )دژی پ . د . ك و تۆمەتی ( جیابوونەوە خوازی ) نانەپال پ . د . ك بووە" .( ١٤ )**

پیاو ئەگەر سەر لە خوێنەر و لە خۆی نەشێوێنێ ئاگاداری لە ڕووداوەکانی سالانی پێش شۆرشی ١٤ ی تەموز هەبێ ، زۆر بە چاکی دەزانێ کە ئەو قسانەی د. نەبەز فری بەسەر ڕاستییەوە نیە ، چونکە لای هەموو هێزەکانی نیشتمانی کورد و عیراقی ئاشکرایە کە پارتی کۆمۆنیستی عیراق ، دوای ئەوەی کە پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان لەبەرەی ناو براو وەرنەگیرا ، ڕێك کەوتن و پەیمانی دوو قولی لەگەل بەست ، حیزبە نەتەوەییەکانی عەرەبی دژی وەرگرتنی پارتی دیموکرات وەستان جا بزانین لەم بارەیەوە نووسەری کتێبی " شۆرشی ١٤ی تەموز لە عیراق " چ دەنووسی : " لم تكن جبهة الاتحاد الوطني تضم كل القوى السياسية فقد عارض في البداية ممثلا حزب الاستقلال و حزب البعث العربي الاشتراكي ضم الحزب الديمقراطي الكردستاني ( البارتي ) الى الجبهه ولكنهما تراجعا بعد ذلك عن موقفهما " .

واتە : بەرەی یەکگرتنی نیشتمانی هەموو هێزە سیاسیەکانی کۆ نەکردەوە ، چونکە لە سەرەتاوە نوێنەرانی حیزبی ئیستقلال و حیزبی بەعثی عەرەبی سۆسیالیست دژی وەرگرتنی پارتی دیموکراتی کوردستان ( پارتی) بوون لە ( بەرەدا) ، بەلام پاشان هەلوێستیان گۆری ) (١٥) .

هەر لە پەراویزی ئەم کتێبەدا نووسراوە کە نووسەری کتێبی ( شۆرشی ١٤ی تەموز ) لە چاو پێکەوتنێکی تایبەتی لە ١٩٧٦/٩/١٥ دا لەگەل

علی صالح السعدی - سکرتیری حیزبی بەعس لە سالی ١٩٦٣ دا لەبارەی وەرنەگرتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەرەی یەکگرتنی نیشتمانیدا دەبیژی : " بان حزب البعث العربی الاشتراکی رفض ضم الحزب الدیمقراطی الکردستانی الی جبهة الاتحادالوطنی بسبب الطبیعة العشائریه لقیادته ..... " (١٦).

د. نەبەز لە نووسینەکەیدا واتەی زاراوە تێکەڵ دەکا لە لاپەرەی ٢٤ دا زاراوەی " کودیتای ئەفسەرە ئازادەکان " بەکار دێنێ، هەر لە هەمان لاپەرە دا لە دێری ١٢ دەنووسێ : " گەر بەر ئەوە کە شورشی ١٤ تەموز رووی دا " ، هەر وەها بەرامبەر شورشی میسر ، زاراوەی شورش بەکار دێنێ، بەلام لە شورشی عیراق دەبێتە کودیتا .. وەك ئاشکرایە زاناو کەسانی سیاسی نیشتمانی و بیگانە ، دۆست و دووژمن رووداوی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لە عیراق بە شورشی دەدەنە قەلەم بەلام د. نەبەز و هێندی لە نووسەرانی رۆژنامەی " تیارالجدید " ،ئەو خەلکانەی کە شورش لە بەرژەوەندیەکانی داون بە کودیتای دەزانن . خۆ شورش هیچی لەبەرژەوەندی چینایەتی د. نەبەز نەداوە؟

لە لاپەرەی ٢٥ دا د. نەبەز دەنووسێ : " **بیروی سیاسی ی پارتی کومونیستی عیراق لە نامەیەکدا که لە روژی ١٩٥٩/٢/٣ دا بو قاسمی نووسیبوو چەند وەزیریکی بە (نادلسوز) بو قاسم و ریژیمی کوماری دابوە قەلەم** .." .

لەوانەیە نامەیەکی وا لە لایەن پارتی کومونیستی عیراقەوە بۆ قاسم رەوانە کرابێ ، بەلام لەبەرئەوەی د. نەبەز پەنجەی بۆ سەرچاوەکەی رانەکێشاوە جێی گومانە ، چونکە روونووسی نامەی وا لەوانەیە لە سێ شوێن چنگ بکەوێ ، دەزگای جاسوسی عیراق یا خود لە ئارشیفی سەروك وەزیرانی عیراق یا خود لە لای پارتی کومونیستی عیراق . بەلام چون کەوتوتە دەست د. نەبەز . ئەوە لای ئێمەی خوینەری کتیبەکە ئاشکرا نییە.

لە لاپەرە ٢٦ دا باسی ئاژاوەی عبدالوهاب الشواف - ی کردوە ،دیسان ناوەکەی بە هەلە نووسیوە بە " عەبدولئەمیر شەوواف " . هەر لە هەمان لاپەرەدا د. نەبەز دەنووسێ : " **هێندە زوریان خستە سەر ( پارتی نیشتمانی**

**دیموکراسی لە ١٣ ی مایسی ١٩٥٩ دا چالاکی خۆی بە رەسمی وەستاند".**

... هەروەها لە زمانی سەرۆکی پارتی نیشتمانی دیموکراسی کامیل چادرچییەوە دەنووسی: " **گە دەیگوت تا کۆمۆنیستەکان بەم جۆرە خەلکی تیرۆر بکەن،ئێمە کار ناکەین** ".

لە بارەی واز هێنانی هێندی لە وەزیرەکانی نەتەوە پەرست وەك ناجی طالب، د. عەبدالجبار جومرد ، د. محمد صالح محمود، باباعەلی شیخ محمود لە ١٩٥٩/٢/٥ لەبەرنامەی بیروی سیاسی پارتی کۆمۆنیست نەبووە، کە د.نەبەز پەنجەی بۆ راکیشاوە ، بەڵکو دوای سەرنەکەوتنی بزوتنەوەی رەشید عالی گەیلانی و بە جێ نەگەیاندنی داخوازی ئەو وەزیرانە لە لایەن عبدالکریم قاسم ـ وە. ئەوە راست بێ ، دوای لابردنی عبدالسلام عارف حیزبی بەعس بریاری دا نوێنەری خۆی لە ئەنجومەنی وەزیران رابکێشێتەوە، تا وەزیرەکانی قەومی وازیان نەهێنا ، ئەوانیش بریارەکەیان بەجێ نەهێنا . لەم بارەیەوە سەیری کتێبی " لیث عبدالحسین الزبیدی ـ ثورة ١٤ تموز فی العراق ل ٤٦٧ ـ ٤٦٩"، بکە. لەبارەی راگرتنی چالاکی پارتی نیشتمانی دیموکراسییەوە، خۆی د. نەبەز لە هەمان لاپەرەدا: " لە خوتبەکەیدا ( مەبەست قاسمە) کە لە ئێوارەی ٣٠ ی نیسانی ١٩٥٩ دا گوتی : " دەبێ هەموو جۆرە چالاکیەکی حیزبایەتی لە ریزەکانی سوپای عیراقدا بوەسەندرێ" بەلام ئەوەی راست بێ ، هۆی راگرتنی چالاکی حیزبایەتی لە سەرداخوازی قاسم بووە ، نەك لە بەر شتی تر لیث عبدالحسین دەنووسی : " فقد طلبا الی الاحزاب ان تجمد نشاطها السیاسي ، فانصاع لذلك الحزب الوطني الديمقراطي وحده و في غياب رئيسه كامل الجادرچي بتاريخ ١٩٥٩/٥/٢٠ "(١٧).

١ـ وا دەر دەکەوی راگرتنی چالاکی ئەو پارتە لەبەر تەوژمی کۆمۆنیستەکان نەبووە ، بەڵکو لەسەر داخوازی قاسم بووە .

٢ـ کامیل چادرچی رەزامەندی لەسەر نەبووە ، چونکە لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی ئەو پارتییەدا لە رۆژی ١٩٥٩/٩/٢٤ رەخنەی لە سەرکردایەتی گرتووە. (تەماشای پەراوێزی ژمارە ٢٠ی کتێبی لیث عبدالحسین ل ٤٧٧بکە ).

٣- ئەو قسەیەی لەسەر زمانی کامیل چادر چییەوە کراوە ، جێ گومانە چونکە نووسەر پەنجەی بۆ هیچ سەرچاوەیەك درێژ نەکردوە ، لەکاتێکدا بیرەوەرییەکانی چادر چی نیزیکەی ١٠ ساڵە چاپکراوەو چادر چی دژی بڕیاری سەرکردایەتی حیزبەکەی بووە٠

لە لاپەڕەی ٢٧ دا د٠ نەبەز دەنووسی: " **بارزانی لە شەوی ١٩٥٩/٦/٣٠ دا لەگەڵ چەند چەکداریك دا بێرۆی پ٠د٠ك -ی لە بەغدا بە زۆر داگیرکرد، و هەمزەو دارو دەستەکەی لێ دەرکرد**"٠

ئەوەی راست بێ ، ئەو رۆژەی خوا لێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی هاتە بارەگای خەبات لە شەقامی " المتنبي " نووسەری ئەو دێرانە خۆی لەوێ بوو بەم جۆرە بوو: نیزیکەی نیوەرۆ بوو ، من و مومتازی برام، هاتینە بارەگای خەبات ، کە هاتین تەنیا کاك شەمس الدین مفتی لێ بوو٠٠ دانیشتبووین چامان دەخواردەوە ، کاتێك گوتیان مەلامستەفا تەشریفی فەرموو٠٠٠، مەلا مستەفا هاتە ژووری ئەو کەسانەی لەگەڵ بوو: ( عەونی یوسف ، عومەر مستەفا دەبابە ، محمود کاوانی ، سەمەد مەنجەل چەند بارزانییەك٠٠٠) مەلامستەفا بە رەحمەت بێ ، یەکسەر کەوتە هێرش بردنە سەر ماموستا هەمزە عەبدوللا گوتیشی جەمال حەیەدەری لەپشتیان راوەستاوە ، کە ناوی شەهید جەمالی هێنا ، یەکسەر کاك عەونی شتێکی بە مەلامستەفا گوت ، ئێمەش لەبەر ریزمان بۆ مەلامستەفا ، یەکسەر دەرچووین و خواحافیزیمان کرد٠ لە شەقامی " المتنبي " پەرینەوە رووەمان لەو کۆڵانە کرد کە رۆژنامەی " البلاد "ی لێ بوو لە رێگا تووشی کاك خەسرۆ توفیق بووین دەچوە بارەگای خەبات، ئەوەی دیتبوومان پێمان راگەیاند٠پێشمان گوت کە ئاگاداری کاك سالح دەکەین٠

ئەوەی بێتە یادیشم لەو کاتەدا مامۆستا برایم ئەحمەد لە عیراق نەبوو، بەڵکو لەگەڵ وەفدیکی عیراقی سەفەری بۆ مەراکیش کردبوو٠٠٠ ئەوەی شایانی باس بێ د٠ نەبەز لە لاپەرەی ٢٧ ـ ٢٨ دا بەعس و تۆرانییەکانی کەرکوك و سیخورەکانی کۆنپانیای نەوتی عیراق لە کەرکوك بە دوژمنی کۆمۆنیستەکان دەزانێ،و بەلام لە هەمان کاتیشدا تیرۆر دەخاتە پاڵ کۆمۆنیستەکان و دەنووسێ: " ٠٠ **ویستیان**

**خۆیان لە قاسم نیزیك بكەنەوە ، بۆ ئەوەی رێیان بدات ، دەست بكەنەوە بە تیرۆری ناحەزەكانیان "٠**

ئەوەی شایانی باس بێ ، دوای دامركاندنی یاخی بوونەكەی "الشواف" و هەراكەی تۆرانیەكان و بەكرێ گیراوەكانی شركەتی نەوتی كەركوك لە ساڵی ١٩٥٩ ، تاوانی ئەو كەسانەی لەم دوو رووداوەدا كوژران خرایە ئەستۆی پارتی كۆمۆنیستی عیراق و پارتی دیموكراتی كوردستان٠ لەكاتێكدا ئاشكرایە یاخی بوونەكەی " الشواف " بە دەستی هێزە نەتەوە پەرستەكانی پاڵ پشتی میسر كرا و هەراكەی كەركوكیش بە فیتی بە كرێ گیراوەكانی شركەتی ئای ٠ پێ ٠ سی ( I.P.C ) كرا ٠ كورد و كۆمۆنیستیش بە تیرۆر كردن درانە قەلەم ٠ د٠ مەجید خدوری لەبارەی بەشداری كورد لە دامركاندنی هەرای كەركوك دەنووسی : " الاكراد شعب محارب ، الانه قاسي شرس اعملوا السیف فی المدینة ( مەبەست كەركوكە ٠٠ج) فقتلوا و سحلوا الی حد لم تعدمعه مذبحة الموصل شیئا مذكورا " - ص١٧٤

دیارە د٠ نەبەز ـیش هەر هەمان قەوان لێ دەدا ، بەلاّم ئەو تەنیا كۆمۆنیستەكان بە تاوانبار دەزانێ٠ لە كاتێكدا تیرۆر بەرانبەر كۆمۆنیست و دیموكراتیەكانی عیراق لە لایەن هێزە كونەپەرستەكان و هێندی لایەنی نەتەوەیی عەرەبی كرا٠ بە پێی سەرچاوەی رەسمی دەوڵەت و نووسەرانی ئانتی كۆمۆنیستیش ژمارەی كوژراوانی كەركوك ١٢٢ كەس بوو ، هی موسلیش ٤٧ كەس٠(١٨) بەلاّم ژمارەی كوژراو گیراوی كۆمۆنیست و دۆستەكانیان لە ناوەراستی ساڵی ١٩٥٩ تا مایسی ١٩٦١ بەم جۆرە بوو : ( ١١٢ كەس حوكمی سێدارە دراون ، ٧٧٠ كەس حوكمی زیندان كر دنیان دراوە ، تەنیا ژمارەی گیراوەكان لە ساڵی ١٩٦٠ دا گەیشتۆتە ٢٢ هەزار كەس(١٩) ٠ رۆژنامەی " طریقه الشعب" لە ژمارەی ١٦٦٢ لە ١٩٧٩/٤/٣ دا ، وەلاّمی رۆژنامەی " الدستور" ئوردونی دەداتەوە لە بارەی تاوانبار كردنی كۆمۆنیستەكان بە تیرۆر دەنووسی :

" یكفي ان نضع نصب انف الدستور التي تنعی علی الشیوعین دیمقراطیتیهم فی احداث الموصل مثلا : ارقام الضحایاالتی قدمها الشیوعیون واصدقائهم

**دفاعا عن الديمقراطية ( ٣٢٠) قتيلا في التاسع والعاشر آذار ١٩٥٩ ، (١٣٩) محكوما نفذفيهم الاعدام ، و ( ٩٠٠) شهيد قتلوا إغتيالا بين ١٩٦٠ - ١٩٦٣"**
(٢٠) لەم ژمارانە دەر دەکەوێ کە تەنیا لە موسل کۆمونیست و دۆستەکانیان لە ٩- ١٠ ی ئاداری ١٩٥٩ ٣٢٠ کەسیان کوژراوە ١٣٩ هاوریان حوکمی لە سێدارەیان دەرچوە و بە جێ گەیندراوە ، ٩٠٠ کەسیشیان بە تیرۆر کوژراوە ٠

د٠ نەبەز تاوانی دووژمنایەتی شۆرشی کورد دەداتە پاڵ حیزبی کۆمونیستی عیراق لە کاتی قاسم دا و گۆایا " هاتن خۆیان ( تطوع ) کرد بۆ ئەوەی بە زۆری چەك ( یاخی بوونی کوردە ناسیونالیستەکان ) بکوژێنیتەوە٠"

بێگومان د٠ نەبەز ئەگەر چەند بەڵگەیەکی بهینابایە لەسەر ئەوەی کۆمونیستەکان لە دووای هەڵگیرسانی شورشی کورد( تطوع ) یان کرد چەکیان هەڵگرد کارێکی باش بوو جگە لەوەش ئاشکرایە کە ژمارەیەکی زۆر لە رووناکبیرانی دیموکرات و کۆمونیست زیندان کران لەسەر ئەوەی ، بروسکەی پشتگیری قاسم ـ یان مۆر نەکرد ، دژی بزوتنەوەی کوردی و سەروك بارزانی٠
لەکاتێکدا هێندیك کوردی " نەتەوە پەرست" بروسکەیان دژی بزوتنەوەی کورد بۆ قاسم رەوانە کرد ، ئەوەی ئاگاداری رووداوەکانی ئەو کات بێ و بە رۆژنامەکاندا بگەریتەوە دەزانێ کار چۆن بوە٠٠ لە دادگای نیزامیدا گۆرانی بێژو مەنەلۆجیست فاضل رەشید وە دەها کەسی تر ٥ سال زیندان کران لەسەر ئەوەی وشەی ناشیرینیان بە سەرۆك بارزانی نەگوت ٠ یاخود ماموستای زمانی عەرەبی لە سلیمانی " فائزالزبیدی" کە نمونەی خۆراگرتن بوو لە زیندان و ئەشکەنجەدا ، بەلام وشەیەکی دژی بزوتنەوەی کورد لە دەم دەر نەچووە ،بەلام پاریزەر " عومەر جەلال حەویزی " (*) لە دادگادا دژی شۆرش و مەلامستەفا قسەی کرد هەرچەندە کوردیش بوو٠ د٠ نەبەز دەنووسێ : **" کەچی لەگەل ئەوەشدا پارتی کۆمونیستی عیراق هەر پشتی قاسمی دەگرت لە بومبیاران**

---

(*) پاریزەر عومەر جەلال حەویزی کە لە سالی ١٩٦٠ رۆژنامەی "صوت الاكراد"ی دەردەکرد و د٠نەبەز ووتارەکانی خۆی تیدا بلاو دەکردەوە لەسەرووتارەکانی ماموستا مەسعود محەمەدکەلە"الحرية" دا بلاو دەکرایەوە٠

**کردنی کوردستاندا و ئەمەش لەو بیرخەرەوەیەدا دەردەکەوێ کە پارتـــــی کۆمونیستی عیراق لە رۆژی ١٩٦٢/٦/٥ بۆ پ٠ د٠ ك ناردبوو"(٢١)٠**

بەڵام ئەوەی ئاشکرایە لە مانگی ١٩٦٢ ، پارتی کۆمونیستی عیـــــراق راپۆرتێکی تایبەتی بڵاو کردەوە لەسەر هەڵوێستی خۆی بەرانبەر مەسەلـــەی کورد و هەڵوێستی حکومەتی قاسم ی مەحکوم کرد بەرانبەر مەسەلەی کورد٠

هەروەها هاوڕێ شەهید سەلام عادیل ، بەر لە مێژووی کە د٠ نەبەز پەنجـــەی بۆ راکێشاوە (واتە لە ١٩٦٢/٥/٢٦) نامەیەکی ئاراستەی پارتە کۆمۆنیســـت و کرێکارەکانی جیهان کردوە بۆ پشت گیری مەسەلەی کورد : " ان شعبنا العراقی وبوجه خاص الشعب الکردی فی العراق وکذلك فی البلدان المجاورة ، یتطلـــع الیوم الی مساندة عالمیة فعالة فی محنته التی تراق فیها دماء المئات مــــن ابنائه البررة ولاشك ان الاحزاب الشیوعیة الشقیقة ستکون فی هذا الظـــرف العصیب الذی یمر به شعبنا کما کانت دائما علی رأس القوی المدافعة عـــن الحقوق الدیمقراطیة للشعوب ٠

اننا اذ نتوجه الیکم برسآلتنا هذه ،فانما نعبر عن تطلع شعبنا الی تضامنکم ومساندتکم الاخویة من اجل ایقاف التدابیر العسکریة التی تمارسها الحکومـــة العراقیة ضد الشعب الکردی ومن اجل الاستجابة لمطالیبه القومیة العادلة"(٢٢)٠

ناوەرۆکی ئەو نامەیەو راپۆرتی کۆمیتەی نێوەندی پارتی کۆمونیستـــــی عیراق لە ئاداری ١٩٦٢ ئەوە دەسەلمێنی کە د٠ نەبەز تەنیا مەبەستی شێواندنی رووداوەکان و هەڵوێستی پارتی کۆمونیستی عیراقە ٠ چونکە پارتی کۆمۆنیستی عیراق هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە مەسەلەی کورد و چەوتی هێندێ بۆچوونـــی دەست نیشان کردوە لە هەڵسەنگاندنی سیاسەتی خۆی لە نێوان کۆنفەرانســـی دووەم (١٩٥٦) و کونفەرەنسی سێیەم (١٩٦٧) دا بڵاو کردۆتەوەو دەنووسێ :

**" لقد وقف حزبنا مواقف مائعة فی بدایة اندلاع الثورة الوطنیة الکردیة فـــی ایلول ١٩٦١ علی الرغم من استمرار تمسکه و دفاعه الحار عن القضیة الکردیـــه والمطالیب القومیه للشعب الکردی و شجبه بقوة و نضاله ضد القمع الوحشـــی الذی لجاء الیه قاسم ازاء الثورة "٠٠٠ هەروەها دەنووسێ : " کان أخطا حزبنـــا**

**إعتبار الثورة ، في البداية ، اي حمل اسلاح ضد حكم وطني برجوازي شيئا خاطئا " (٢٣).**

د. نەبەز لە لاپەرەی ٣١ دا لە بارەی بەربەرەکانی کودیتای ٨ی شوبات و بەشداری " نەکردنی " خەلك دەنووسێ : " **چونکە خەلکەکە بە شێوەیەکی گشتی ، دلّی لە هەلّپەرستی و دلّرەقی سەرکردە کۆمۆنیستەکان شکابوو ..." .**

ئەوەی راستی بێ ، لە رۆژی ٨ی شوبات جەماوەری بەغدا و هەزاران لە دۆست و ئەندامەکانی پارتی کۆمۆنیست رژانە سەر شەقامەکان بۆ بەربەرەکانی ( کودیتا ) و هەزارانیش بوونە قوّچی قوربانی بە دەستی هێزەکانی دژی کومار ، بەلاّم سەرنەکەوتنی بەربەرەکانیەکە هۆی دەگەرێتەوە سەر ئامادە نەکردنی چەك و بەجێ نەگەیاندنی پیلاّنی بەرگری لە لایەن رێکخراوی لەشکری پارتی کۆمۆنیست و ئەو لەشکرو ئەفسەرانەی خۆیان بە قاسمی لە قەلەم دەدا .

پارتی کومونیست پەنجەی بۆ هۆی رانەپەرێنی هێزی لەشکری خۆی راکێشاوە لە هەلسەنگاندنەکانی رێبازی سیاسی لە سالّی ١٩٦٧ و دەنووسێ :

" لقد تركنا تنظيمنا في الجيش من دون استعمال ، اعتبرناه " رأس الحاجة " لليوم الاسود ، ولكننا في اليوم الاسود لم نستطيع استعماله .. لم نحاول دفع بعض قوانا مثلا لتحويل البندقية من كتف الى كتف وا لانضمام الى الثورة الكردية ضمن خطة عامة..." (٢٤) ، ئیسمایل عارف وەزیری زانیاری عیراق لە کاتی قاسم و سەفیری عیراق لە سالاّنی ١٩٦٩ - ١٩٧٠ لە چیکۆسلۆفاکیا لە بارەی بەشداری جەماوەر لە بەربەرەکانی کودیتای ٨ی شوبات دەنووسی : " وعند الساعة العاشرة والنصف وصل الزعيم عبدالكريم قاسم الى وزارة الدفاع فدخلها بصعوبة مخترقا الكتل البشرية المتراصة الغاضبة التي تجمعت امام بناية الوزارة تطالب بتوزيع السلاح عليها لمقاومة الحركة الانقلابية هاتفة " ماكو زعيم الا كريم" (٢٥) .

هەروەها دەنووسێ : " زەعیم روکن طه شیخ احمد پێشنیاری بۆ قاسم کرد : " كما اقترح عليه فتح المشاجب و توزيع السلاح على الشعب الذي ملا الشوارع ينادي بالسلاح لمقاومة الحركه الانقلابيه (٢٦) . هەر وەها لە بارەی رۆلی

پارتی کۆمونیست و پێشەوازی جەماوەر بۆ بەیان و بانگەوازی ئەو پارتە دا دەنووسی : " بدأ الناس يتكاثرون في الشوارع هاتفين بحياة الزعيم عبدالكريم ، وقد اشعلت حماسهم البيانات التي اصدرها الحزب الشيوعي في المناطق الشعبية التي ركز جهوده لرفع مستوى سكانها الفقراء "(٢٧) .

ئەو دەقانەی لە نووسینەکەی ئیسمایل عارف ـ مان وەرگرت و سەدان سەر چاوەی تریش هەیە کە قسەکانی د. نەبەز رەد دەکاتەوە ، کە گوایە جەماوەر بۆیە بەشداری نەکرد "خەلکی دڵیان لە سەرکردەکانی پارتی کۆمونیست شکابوو" ئێمە ئەوە ناڵێین کە هەڵوێستی پارتی کۆمونیست هەمووی راست بووە ،چونکە خۆشی دانی بە هەڵەکانی دا هێناوە لە کاتی قاسم .

لە لاپەرەی ٣٢ دا د. نەبەز دەنووسێ : " **هێندیک لە سەرکردەکانیان ، بە تایبەتی عەزیز محەممەد و کەریم ئەحمەد داود و عومەر عەلی شێخ کە هەر سێکیان کوردن ، رایان کردە کوردستان و لە کوشتن رزگاریان بوو ، بەلام هێندیک لەو سەرکردانە عەزیز الشیخ، جەمال حەیدەری، محمد صالح العبلی و عبدالجبار وەهبی و عبدالسلام ناصری ، ئەوانە بە دەستی بەعسیەکان کوژران** " .

ئەوەندەی نووسەری ئەو دێرانە ئاگاداری هەبێ ، ئەو سێ هاوڕییانەی لە سەرەوە ناوییان هاتوە ، هەر لە کوردستان بوون کە کودیتا رووی دا ، ئەوانەی بە کوژراو نەک شەهید کراو ( دیارە لە لایەن د. نەبەز کۆمونیست شەهید نابێ بەڵکو هەر دەکوژرێ) راست دەکا سێ یانیان لە رۆژی ١٩٦٣/٧/٢١ شەهید بوون ( جەمال حەیدەری ، عبدالجبار وەهبی ، محمد صالح العبلی) ، بەلام عەزیزالشیخ ، عبدالسلام ناصری ئێستاش هەر ماون لە بەغدا دەژین ، چونکە یەکەمیان هەر لە ساڵی ١٩٦٣ لە زیندان رووخا و ئەوی تریان تا ساڵی ١٩٧٩ش هەر لە سەرکردایەتی پارتی کۆمونیست مابوو ... هەر لەم لاپەرەیەدا د. نەبەز دەنووسێ : " **هێندیکی دی لە کۆمونیستەکان رایان کردە ئێران بە نیازی ئەوەی حیزبی تودەی ئێران بکەوێتە فریایان، بەلام ئەمانە کەوتنە داوی ساواکەوە، کە هێندیک لە کاربەدەستەکانی بە درۆ و فرو فێڵ خۆیان بە ئەندامی حیزبی تودە دابوە قەلەم. ساواک توانی لەم رێیەوە هەرچی زانیاری یەکیان پێ بوو لێیان**

**دەربهێنی ، دوایش گرتنی و دانی‌یەوە دەست عیراق "٠**

دوور نی‌یە ساواك داوێکی وای دانابێتەوە و ئەو کا رەشی کردبێ، بێگومان ئەوەش ئەرکی ساواکە ٠٠٠ بەلام دیار نی‌یە د٠ نەبەز کە ئەو دەم لە ئالمانیا ژیاوە ، ئەو زانیاریەی لە کوێ وەگیر کەوتوە ، لە کاتێکا پەنجەی بۆ هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕ پێ کراو رانەکێشاوە٠ هەر نەبوایە بۆ دڵنیا کردنی خوێنەری کتێبەکەی دەبوایە لەو بارەوە سەرچاوەیەك دەست نیشان بکات٠

لە لاپەرەی ٣٢دا د٠ نەبەز ناوی هێندی کەس دەهێنی کە لە دوای کودیتای شوبات پشتگێری بەعسی‌یان کردوەو رووخاون٠ لەگەڵ ئەوانەشدا ناوی تێکۆشەر ئەحمەد غەفور بابان دەهێنێ کە گۆیا " **هەر لە یەکەم رۆژی کودەتای شوباتەوە کەوتنە پشتگیری بەعس و جنێو دان بە پارتی کۆمونیستی عیراق** "٠

خوا لێخۆشبوو ئەحمەد غەفور بابان ، تا ئەو رۆژەی دڵی وەستاو ماڵ ئاوایی کرد ، هەر دۆستی کۆمونیستەکان بوو لە هیچ شوێنیکیش جنێوی بە پارتی کۆمونیستی عیراق نەداوە ، د٠ نەبەز دەبوایە بۆ سەلماتدنی ئەو قسەیەی پەنجەی بۆ بەڵگەیەك راکێشابایە جا گەر ( کتیبی أضواء ج ٣ ل٠ ٩٠) کە ئەو باسەی تێدا کراوە ، نەك دوای کۆچی ئەحمەد غەفور لەکە بخاتە سەر هەڵوێستی ئەم تێکۆشەرە، لە دوای کۆچی ئەحمەد غەفور ماموستا محەمەدی مەلاکەریم لە گۆڤاری " نووسەری کورد " دا بەم جۆرە لەسەر ئەحمەد غەفوری نووسیوە :" ٠٠٠٠ ئەحمەدی هاورێم : بەسەر دانی شار هاتبوومەوە ٠٠شناسنامەکەی بە کێبێتی نووسەرانی کوردی تۆیشم لە گەڵ خۆم هێنا بوو ٠بەلام نەمدیبێت ٠٠ بە تەرمەکەشتدا نە گەیشتم ٠٠ بە دوو چاوی شێدارەوە لە کۆری پرسەکە تێدا دانیشتم ٠ شناسنامەکەشم هەر وا لەگەڵ خۆم گێرایەوە٠ لای خۆم هەڵی ئەگرم تا ئەو رۆژەی مووزەی خەباتی سەربازە ناسراو ونەناسراوەکانی گەلەکەمان ئەکرێتەوە ٠ ئەو کاتە ئەویش لە سووچێکی ئەو مووزەیەدا لە پاڵ وێنەتدا دائەنێی و تەماشا کەران بە سەرنجی وەفاوە یادت ئەکەنەوە ٠

دۆستی دڵسۆز ! تۆ رۆیشتی ٠٠ ئێمەش ئەرۆین ٠٠ هەموو هەر ئەرۆن ٠٠بەلام کاروان ، کاروانی مرۆڤایەتی وعیراق و کوردی پێشکەوتووخواز و داد پەرست و-

دژی چەوساندنەوەو خوێن مژین ٠٠کاروانی ڕێگای پێشکەوتنی کۆمەلایەتی ، ئەو کاروانەی تۆیش یەکێك بووی لە ڕێ کەرەکانی ، هەروا بە ڕێوەیە و ،هەر ئەرواو- هەر ئامانج دێنێتە دی٠٠ئەوەش باشترین سەبووری بە خشێکی دلانە پاش تۆوپاش هەر کەسێکی تریش بە دوای تۆدا بڕوات ٠ " (٢٨)

د٠ نەبەز لە لاپەری ٣٣دا ، دەبێژی کە : "وێستگەی پەیکی ئێران(لە ئەلمانیای ڕۆژ هەلات ) و وێستگەی" دەنگی گەلی عیراق لە پراگ " کەوتنە پرو پاگاندە"٠ دیارە د٠نەبەز ئەو زانیاریەشی هەر وەك زۆر لە زانیاریەکانی دیکەی کە بلاویان دەکاتەوە ، بێ بناخەن ، چونکە ئەو دووکەسەی لە هەر دوو ئێزگەی ناو براو کاریان کردوە ، ماون ٠ هیچ یەك لەو ئێزگەیانە لەم دوو ولاتەی نێو براون نەبوە ٠

د٠ نەبەز هەلگیرسانەوەی شەر لە لایەن بەعسەوە بەرامبەر بەکورد لە سالی ١٩٦٣ وا لێك دەداتەوە و دەنووسێ : "٠٠٠بەلام لەبەر شۆڤینیەتی خۆیان وکەم تەجروبەیی سیاسی و لە خۆ بایی بوونیان، نە یانتوانی لە گەل کورد دا ڕێك بکەون" ( لاپەرە ٣٣)٠ ، لەوانەیە وەك د٠ نەبەز دەلێ ئەوکات بەعس کەم تەجروبە بوون لە بە ڕێوە بردنی کاری دەولەت دا ، بەلام هەلوێستیان بەرامبەر بە کورد و هەلگیرسانی شەر لە کەم تەجروبەیی نەبوە ، چونکە بەعس بەر لە شوبات بزووتنەوەی کوردی بە بە کرێگیراو داوەتە قەلەم و لە ئەیلولی سالی ١٩٦٢ لە بانێکی دا دەنووسێ : " ان الحركة المسلحة في الشمال و موقف عبدالكريم قاسم منها ، تفوح منها رائحة التآمر و التواطوء مع الاستعمار ، فقيادة الحركة المسلحة بماضيها و حاضريها الملطخ بالدماء و المتصف بالاعتداء، و نياتها العدوانية التي افصحت عنها مرارا و تعصبها الاعمى يجعلها محلا للشبهة و الاتهام"(ليث عبدالحسين ـ ل ٢٩٤ )

جگە لە جنایەتی بەعس بەرامبەر بە دیموکرات وکۆمونیستەکانی عیراق، بەر لە هەلگیرسانەوەی شەری بەعس ١٩٦٣/٦/١٠ دژی کورد و تا ئێستاش جنایەتی بەعسیەکان بەرامبەر بەکورد هەر بەر دەوامە ، بەلام دوکتور نەبەز "ڕێکنەکەوتنی بەعس" بە " کەم تەجروبەیی" دەداتە قەلەم نەك بە دوژمنایەتی و ڕەوشتی فاشیانە٠ د٠ نەبەز ، دوای بیست سال لە سەر ڕووداوەکانی دوێنێ، پاکانە بۆ ڕابردووی-

بەعسی دەکات کە گوایە لە بەر "کەم تەجروبەیی" لە گەڵ کورد " ڕێکنەکەوتون ". باشە خۆ ساڵی ١٩٨٣ بە عسی تەجروبەیەکی باشی لە مناوەرە و سیاسە ت و کـار گێڕان هەبوو ، یەکێتی نیشتمانی کوردستان یش بۆ ڕێك کەوتن ئامادەیی پێشاندا و چەند جاریش پێکەوە دانیشتن. بە لام گفتو گۆیەکە چۆن تەوا و بوو؟. داخوادیسان بە عسی "کەم تەجروبە بوون"؟ بە قسەکانی د. نەبەز بۆمان دەر دەکەوێ کـــە بەعسی ڕاوێژکەری گەوجیان هەیە ، ئەگینا ...... !!

لە لاپەرەی چلدا د. نەبەز باسی ناکۆکی نێوان سەرکردایەتی بارزانـــــیو مەکتەبی سیاسی دەکا و پاشان دێتە سەر باسی کودیتای١٧ ی تەموزی ٦٨ و ئەو- جار دەنووسێ : " **بێجگە لەوەش کۆمونیستەکان لەم کاتە دا دروشمی "ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان" و " دیموکراتی بۆ عیراق" یان هەلگرت ، ئەو دروشمەی کە هوردە بورژوای ناسیۆنالیستی کورد و هوردە بورژوای مارکسیستی ( کوردستانی )هەلگر- تبوو"** . مەسەلەی دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عیراق لە لایەن پارتی کۆمو- نیستی عیراقەوە مێژووی دە گەرێتەوە بەر دەساڵ لەو کاتەی دوکتور باسی دەکا : چونکە پارتی کۆموونیستی عیراق لە کۆنفرانسی دووەمی ایلولی ساڵی ١٩٥٦دا دروشمی " الاستقلال الذاتي لكرستان العراق" ی هەلگرتوە . د. نەبەز خۆی لە لاپەرە ٢٠ی ئەو کتێبەیدا پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە . هەر وەها لەو پەیمانە دوو قۆلی یەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان وپارتی کومو نیستی عیراق کە لە ١٠/١٠ ١٩٥٨ دا مۆر کراوە ، هاتوە : الاعتراف المبدئي بحقوق الشعب الكردي بما فيه ذلك حقه في تقرير مصيره بنفسه " ( ٢٩ ). پارتی کۆموونیستی عیراق هەر وەها لە دوای هەلگیرسانی شۆڕشی کورد لە ئەیلولی ١٩٦١ ەوە پێی لە سەر ئەو هەلو- ێستە مەبدئیە داگرتوە . و لە ڕاپۆرتی مارتی ١٩٦٢ دا بە ڕوونی و ئاشکرایـــی مە سەلەی ئۆتۆنۆمی و بنچینەی چارە سەر کردنی مەسەلەی کوردی لە عیـــراق دارشتوە و دەنووسێ : " وفي الظروف الراهنة لا يمكن ان يكون هذا سواء تحويل الاتحاد العربي الكردي الى اتحاد ديمقراطي و ذلك باقامة حكم ذاتي في كردستان العراق ضمن وحدة الجمهورية العراقية" ( ٣٠ ). پارتی کۆمو نیست هیچ کات مافی ئۆتۆنۆمی وەك چارە سەری یەکجاری مەسەلەی کوردی نەزانیوە و بەڵکوو وەك

داخوازیەکی دیموکراتی لە قەڵەم داوە وبڕوای بە مافی چارە نووسی کورد هێناوە٠ بەڵام ئەو قسەیەشم ئەوە ناگەیەنێ کە هەوراز و نشێو لە ڕێباز و هەڵوێستی پارتی کۆمو نیستی عیراق لە بارە مەسەلەی کوردەوە نەبوە ٠(٣١)

دوکتور جەمال نەبەز لە لاپەرە ٤٨دا دەنووسێ : "٠٠٠ **کاتێك کە سەر کردەی سوپای سۆڤیت سەری لە عیراقدا بۆ باسکردنی "مەترسی کورد" لە گەڵ ڕێژێمی بەعس و ڕێ و شوێن دانان بۆ بەربەرەکانی کردنی "یاخی بوونی کوردە بەکرێ گیراوەکان"** ٠ وەك ئاشکرایە یەکێتی سۆڤیت دەورێکی با لای گێڕا لە ڕێك کەوتنی ١١ی ئاذاری ١٩٧٠ و هەر وەها زۆر هەوڵی دا کە شەر هەڵنە گیرسێتەوە لە نێوان حکومەتی بەعس و بزووتنەوەی کورد ، لە ڕۆژنامە و گۆڤارو دەزگای راگەیاندنی یەکێتی سۆڤیت بزووتنەوەی کورد و شۆڕشی کوردستانی عیراق هیچ بە" بەکرێ گیراو" تاوانبار نەکراوە ٠ هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیت بەرامبەر بە کورد و هەڵ گیرسانەوەی شەری چەکداری ساڵی ١٩٧٤ زۆر بە ئاشکرایی روون کراوەتەوە لە " هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلول و بەرنامەی نوێی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە لایەن کۆنفرانسی پارتیەوە لە ( ١١ ـ ١٥ ی ئابی ١٩٧٦ پەسند کراوە ٠لەو بەڵگەنامەیەدا نووسراوە : " هەتا دوا ڕۆژانی گفتو گو( نێوان بەعس و شۆڕشی کورد )پەیوەندی پارتی لەگەڵ شورەوی هەر هەبوو ، وشورەوی داوای لە پارتی دەکرد کە بە پرۆژەی ئۆتۆنۆمی بە عسیەکان رازی بێت و ئەشیان وت لەم بارەی ئێستادا ناتوانرێت زیاترتان دەست بکەوێت ، هەر چەندە ئەو پرۆژەیەش کەم و کوڕی زۆر تێدایە ٠ " ( ٣٢) ٠ هەروەها لە راپۆرتی ناوبراودا هاتوە : " ٠٠٠ سێهەم ـ رووسەکان ئاگاداری سەرکردەی شورشیان کرد کە ئەوان ئیمزای پەیمانەکە (پەیمانی دۆستایەتی نێوان عیراق و یەکێتی سۆڤیت) دەکەن هەتا ئەگەر یەك کوردیش بۆ ئەو مراسیمە بانگ نەکرێت ، وهەر وەکوودۆستێك **تکایان لێ کردین کە سیاسەتێکی نەرم بەکار بهێنین** بۆ ئەوەی لە گەڵ بە عس دا هەموو گیر و گرفتەکان چارە سەر بکەین و ئەوەش کە ناتوانین چارەی بکەین بۆ ماوەیەکی تر دوا بخرێت و ئاگرەکە لە لای ئێمەوە خۆش نەکرێت " ٠ (٣٣)٠

د٠نەبەز لە لاپەرە ٤٩دا سیاسەتی پارتی کۆمو نیستی عیراق لەنێوان سالانی

١٩٧٢ ـ ١٩٧٥ بەرامبەر بە مەسەلەی کورد ، دەخاتە یەك تەرازوو لەگەڵ سیاسەتی پارتی بەعس و دەنووسێ : " **پاش (ئاش بەتاڵەکەش) لە بەهاری ١٩٧٥ دا نەیتوانی دڵی جەماوەری کورد بهێنێتەوە جێ ، چونکە پارتی کۆمۆنیست لە گەڵ بەعس دا یەك جۆرە سیاسەتیان هەبوو بەرامبەر مەسەلەی کورد ...** " .

لە بارەی هەڵوێست و ناکۆکی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق و هۆی ئەو بار و دۆخە نا هەموارە کە زیانی بەخشی بە شۆڕشی کورد و پارتی کۆمۆنیستی عیراق ، کە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بۆچوونیان و هەڵسەنگاندنی باری نێو خۆ ودەرەکی و هەر وەها پێداگرتنی هێندێ لە سەرکردەکانی پارتی دیموکرات لە سەر سیاسەتی پشت بەستنەوە بە ئێران و ئەمریکا ... لەم روانگەیەوە جێگای خۆیەتی پەنجە بۆ راپۆرتی کۆنفرانسی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان رابکێشین : " لێرەدا مەسەلەیەك هاتە پێشەوە کە کاریکی زۆر گرنگی کردە سەر باسی پچراندنی پەیوەندی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیست کە ئەویش مەسەلەی پەیوەندی دەرەوە بووە " (٣٤) . هەر وەها لە راپۆرتەکەدا هاتووە: " سەرکردەی شۆڕش ئەنجامی خراپی دوو بەرەکی لە گەڵ پارتی کۆمۆنیست نە دەهاتە بەر چاو ، ئەویش لەبەر دوو هۆ یەکەمیان لەبەر ئەوەی کە شۆڕش بەرەو رۆژئاوا ئەڕۆیشت بۆ وەرگرتنی یارمەتی ، دووهەم بە بیریکی سەربازیانەوە سەیری گرینگییەتی هاوکاریکردنی ئەکرد لەگەڵ پارتی کۆمۆنیست "(٣٥) .

هەروەها لە راپۆرتی پارتی دیموکراتی کوردستان نووسراوە : " بە هۆی ئەم جیابوونەوەیە (نێوان پارتی کۆمۆنیست و پارتی دیموکرات) شۆڕش ئەو دەزگای راگەیاندنە گرینگەی رێکخستنی پارتی کۆمۆنیستی لە دەست چوو ، **کە هەمیشە پەردەی لەسەر کردەوە دیکتاتۆرییەکانی میری لا ئەدا کە دژی میللەتی کورد ئەیکردو بەرگری لە شۆڕش و ئامانجە رەواکانی ئەکرد**" . (٣٦) .

لە لاپەرە (٥١)دا دوکتور نەبەز دەنووسێ : " **جا هەرچەندە کۆمۆنیستەکان بە وتوویژ رازی بوون ، بەلام لە شوباتی ئەو ساڵەدا ( ١٩٧٩ ) داوایان لە سەددام کرد کە ( پەشیمانی ) ی خۆی لە سێدارەدانی کۆمۆنیستەکان دەربڕێ**

**سەددام بەوە رازی نەبوو ، و هەر دوو وەزیرە کۆمونیستەکەی لە کابینـــە دوور خستەوە ، و رۆژنامەی کۆمونیستەکانیشی داخست ".**

لەوانەیە دوکتور نەبەز ئەو زانیاریانەی لەسەرچاوەیەکی بروا پێکـراو وەرگرتبێ ! بەلام پەنجەی بۆ رانەکیشاوە کە تویژەریکی تر سوودی لێ وەرگرێو خوێنەریش دڵنیا بکا لە راستی قسەکانی . چونکە د. نەبەز لەم لاپەڕەیەدا مانگی شوبات دەست نیشان دەکا و دەشلێ . " بە وتو ویژ رازی بوو "،هیوادا- رین نووسەر لە دووا رۆژدا ، پەنجە بۆ زانیارییەکانی رابکێشێ و هـەر قسەیەکی دەکەویتە بەرگوێ بەراستیەکـی " موتلەق " ی نەزانێ ! لە لاپەڕە (٥٢)دا دوکتور دەنووسێ : " **لە بەیانیکدا کە سەعد ئەحمەد یەکێك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە ٧٩/٦/٤ دا دەری کرد ، باسی گەلێك کەسانـی کۆمونیستی کردوە وەك : عبدالسلام الناصری ، محمد کریم فتح‌الله ، دوکتور صفا الحافظ... هتـد کە بەدەستی بەعسییەکان لە سێدارە دراون ".**

دوکتور جەمال بە ریز کردنی ناوەکان ئەوەمان بۆ دەسەلمینی کە بە نووسینەکەی خۆیدا نەچۆتەوە ، چونکە لە لاپەرەی ٣٢ دا نووسیویە کە : " عبدالسلام النا- صری لە سالی ١٩٦٣ کوژراوە ، وەك لەپێشانیشدا نووسیومانە کە : " عبدالسلام الناصری " ئیستا ماوە و لە بەغدا دەژی ، هەر وەها کاك محمـد کریم فتح الله - ش هەر ماوەو لە بەغدا دەژی . لە لاپەڕە ( ٥٤ - ٥٥) دا باسی گوێزرانەوەی سەرکردایەتی پارتی کۆمونیستی عیراق دەکا کە لە سالانـی ٧٨ - ٧٩ تا سالی ١٩٨٢ لە دەرەوەی ولات بوون و پاشان یەکەم کۆبوونەوەیان لە ئەیلولی ١٩٨٢ لە کوردستان کردوە . بێ ئەوەی پەنجە بۆ سەرچاوەکـەی رابکێشێ ، وەك وابێ کە خۆی تێدا کاری کردوە و ئاگاداری هەموو شتێکە .

بەلام وەك ئاشکرایە ، دانەیەك لە " تەقیم " ی بەهادین نوری لە لای نووسەرە ، ( پەراویزی ژمارە ٦٣ ) لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ ، کە زانیارییەکانی لـە هەمان سەرچاوە وەرگرتوە . بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە لە خوێنەران داوا دەکەین سەیری گۆڤاری **الغد** ژمارەی تایبەتی ١٩/١٨ تەموزی ١٩٨٥ لاپەرە ٨٨-٨٩بکات .

# سەرچاوە و بەڵگەکانی د. نەبەز

د٠ جەمال نەبەز لە گێرانەوەی رووداوەکان و ناکۆکی و دووبەرەکی و پەیدا بوونی گرووپی جۆرها لە نێو پارتی کۆمونیستی عیراقدا کە لە لاپەڕەی ٢ی کتێبەکەی دەستی پێ کردوە لە باسی پەیدا بوونی " **بۆ پێشەوە - الی الامام** سالی ١٩٤٢ ، تا دەگاتە کۆنفرەنسی دووەمی پارتی کۆمونیستی عیراق لە مانگی ئەیلولی ١٩٥٦ ، زۆرو کەم هەموو زانیارییەکانی لە کتێبی **تیشک لەسەر بزوتنەوەی کۆمونیستی لە عیراق - أضواء على الحركه الشيوعيه فى العراق ٠ الجزء الاول -١٩٣٤ - ١٩٥٨** وەرگرتوە(*) بێگومان نووسەر لە هێندی پەراوێزدا پەنجەی بۆ(سەرچاوە)ی ئەم ڕاکێشاوە وەك پەراوێزی(١١) ،(١٨) :(١٩) (٢٠) :(٢١) :(٢٢) ،(٢٤) ،(٥٥) ، (٦٧) ، (٦٨) ٠ بەلام بۆ نمونە ئەوزانیاریانەی لە لاپەڕە (٢ ، ٣ ، ٤)ی کتێبەکەی هاتوە هێندی جار بە دەستکاری پاش و پێشی باسەکە هەمووی لە لاپەرەکانی ٤٩ - ٥٤ ی کتێبی ناوبراو وەرگرتوە ٠ بۆ نموونە لە پەراوێزی ١١ دا تەنیا پەنجەی بۆ لاپەرە ٥٤ ڕاکێشاوە لەوێشدا تەنیا دوو دێری وەرگرتوە٠ یاخود نووسەر لە لاپەرەی ١١ دا پەنجەی بۆ الموسوعة السريه للحزب الشيوعى العراقى - لاپەرە ٢٣٢ - ڕاکێشاوە هەروەك وابێ لەژێر دەستی بێ ، بەلام یەکەم ناوەکەی بە هەلە نووسیوە چونکە بەم جۆرەیە :

" الموسوعه السرية الخاصه بالحزب **الشيوعى العراق** ٠

دوەم - ئەو سەرچاوەیەی لەبەر دەست نەبوە، بەلکو لە لاپەرەی ١٠٠ی کتێبی

" أضواء ٠٠٠" وەرگیراوەو کە لە پەراوێزی ژمارە ١٤٦ ـ ١٤٧ تۆمار کراوە ٠
یاخود پەراوێزی ژمارە ٢٣ی کتێبەکەی د٠ نەبەز کە وەك سەرچاوە باسی
" راية الشغيلة " دەکا ، دیارە د٠ نەبەز هەرچاوی بە راية الشغيلة نەکەوتوە
و لەبەر دەستیشیدا نەبوە ، بەلکو لە لاپەڕەی ١٢٢ی هەمان " أضواء" ی وەرگر-
توەو بێ ئەوەی پەنجەی بۆ رابکێشێ٠ پەراوێزی ٣٣ کە باسی " اتحادالشعب "
تشرینی یەکەمی ١٩٥٦ دەکا ، هەر لە هەمان سەرچاوەی ناوبراو لاپەرە ١٥٤ی وەر-
گرتوە ٠ پەراوێزی ٣٦ کە پەنجە بۆ رۆژنامەی " القاعدة" رادەکێشێ ،دیسان
لە لاپەرە ١٥٩ی " أضواء " وەرگرتوە ، پەراوێزی ٣٧ هەر لەهەمان سەرچاوەی
پیشووی وەرگرتوە لاپەرە ١٦٠ ٠ پەراوێزی ٣٨ کە باسی نامیلکەی " ردعلى
مفاهيم برجوازية قومية تصفويه بشأن القضية الكردية " دەکا و دوو دەقی
لێ وەرگرتوەو لە پەراوێزەدا بلاوی کردۆتەوە ٠ زۆر بە ئاشکرا دیارە نووسەر
نامیلکەی ناوبراوی لەبەر دەست نەبووە ، ئەگەنا دەقی پتری لێ وەردەگرت بۆ
هەلویست و بۆ چوونی خۆی ، چونکە نووسەر تەنیا ئەو دوو دەقەی وەرگرتوە کە
لە لاپەرەکانی ١٨١ ـ ١٨٢ " أضواء " ج١ هاتووە٠ ئەوەی شایانی باسە چ لە
ناوئاخنی کتێبەکەی د٠ نەبەز و چ لە زیدەرەکان دا٠ زۆر ناو بە چەوتی
نووسراوە بۆ نمونە لە لاپەرە ١ ر لە زیدەری ١ دا ناوی شەهید فەهد ـ یوسف
سەلمان یوسف بە پێچەوانە نووسراوە ـ " سەلمان یوسف سەلمان" جگە لەوەش
لە لاپەرەی ٤ ی زیدەرەکاندا نووسراوە : "**لە کۆتایی چلەکاندا ( مەبەست
فەهد)ە بە جل و بەرگی عەرەبی و بە نێوی حەلوا فرۆشیکی دەگیرەوە، ماوە-
یەك لە کوردستان و بەتایبەتی لە سلێمانی خەریکی کار بوو٠ نووسەری ئەم
بەرهەمە بە مندالی فەهدی لە سلێمانی دیوەو حەلوای لێ گریوە٠٠٠**"

١ـ هەر چەند لە هیچ سەرچاوەی باوەر پێکراودا نەنووسراوە کە لە چلەکان
هاوری فەهد لە کوردستان بووبێ ٠

٢ـ نووسەر دەلێ : " **کۆتایی چلەکان٠٠٠ هەرچۆنی لێك بدەینەوە کۆتایی چلە-
کان دەکاتە ٤٧ ـ ٤٨ـ ١٩٤٩** ٠٠٠ بەلام وەك ئاشکرایە فەهد لە مانگی
کانوونی دووەمی ١٩٤٧ گیراوە ٠٠٠

٣ـ د٠ نەبەز دەنووسی کە ـ **بەمندالّی فەهدی لە سلێمانی دیوەو هەلوای لیگریوە** ٠٠٠ وەك دەبێژێ لە کۆتایی چلەکان بوە٠ بەلام لە " فەرهەنگی ئەدیب و نووسەرانی کورد " نووسینی ماموستا مستەفا نەریمان بەغدا سالّی ١٩٨٦ لە بارەی د٠ نەبەزەوە نووسراوە : " جەمال نەبەز ـ جەمال الدین توفیق ـ د ـ سلێمانی ١٩٢٩ " لاپەرەی ٣٧ ٠

واتە : لە سالی ١٩٤٥ د٠ نەبەز تەمەنی ١٦ سال بوە ، جا لە کۆتایی چلەکان دیارە ١٧ـ١٨ بوە و مندالیش نەبوە ٠

لە بارەی ناوی هێندی کەسی تر کە لەبەشی یەکەمی ئەم نووسینەدا باسکراوە بە پێویستی نازانم لێرەش چەوتیەکان راست کەمەوە ٠

لە لاپەرە ٥ ی ژێدەرەکاندا نووسەر دەنووسێ کە لە پاش ١٤ تەموزی ١٩٥٨ لە سلێمانی لەمالی حەمەی فەرەجە فندی کۆبوونەوەیەك کراوە لە نێوان نوێنەرانی پارتی دیموکرات و پارتی کۆمونیستی عیراق،و د٠ نەبەز وەك نوێنەری "هیزی سێیەم " بەشداری کردوە ٠ وکە " هێزێك بوو لە نێوەراستی پەنجاکانەوە پەیدا ببوو( مەبەستی هیزی سێ یەمە ) "٠ نووسەری ئەم ووتارە بە دووای زۆر بەلگەو نووسین دا گەرا کە پێوەندی بەو قوناخە هەبێ ، یا خود رووی پرسیاری لەو کەسانە کرد کە تا رادەیەك ئاگاداریان لە بارو دۆخی هێزەکانی کوردستانی هەبوو لە دووای شۆرشی ١٤ی تەموز ، بە تایبەتی وەك د٠ نەبەز باس دەکا پاش چەند رۆژێك لە شۆرش ئەو کۆبوونەوەیە رووی داوە ـ کە باسی " هێزی سێ یەم " نازانن٠ لە رۆژی ٨٨/١١/١٩ پرسیارم لە ماموستا برایم ئەحمەدکرد لە بارەی بوونی هیزی سێیەم لە سالی ٥٨ دا ، لە وەلامدا ئاگاداری کردم کە هێزی وا لە کوردستان نەبوە و حەمەی فەرجەفندی ـ ش ئەندامی پارتی نەبووەو بەلکو دۆستیکی پارتی بوە"٠ لەوانەیە د٠ نەبەز حەمەی کاتبی حەمەی فەرەجە فندی بە چەوتی نووسی بێ ، چونکە حەمەی کاتب پارتی بووە٠

بەلام بەداخەوە د٠ نەبەز شایەدەکانی کە بەشداریان لەم کۆبوونەوەیە کردوە هەر دووکیان مردوون ـ مەبەست حەمەی فەرجەفندی و ئەحمە د غەفوربابان تاکو پرسیاریان لێ بکەین و بزانین د٠ نەبەز بە ناوی کام هێز بەشداری

کۆبوونەوەکەی کردوە ، ئەوەی شایانی باس و داخیشە د٠نەبەز لە شوێنی تریش شایەدی مردوومان بۆ دەکاتە بەڵگەو لە زمانی ئەوانیش شتمان بۆ دەگێڕێتەوە. وەکو رەحمەتی کامران بەدرخان کە قسەکانی بارزانی نەمر بۆ د٠ نەبەز دەگێڕێتـــەوە لە بارەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ (سەیری نامیلکەی ترم ، پرم پفێ د٠ نەبەز بکە) یا خود ئەو قسانەی لە زمانی هونەرمەندی کوچ کردوو رەفیق چالاك دەگێڕێتەوە ـ تەماشای پەراویزی ٢٥ی کتێبەکەی د٠ نەبەز بکە کە لەم نووسینەماندا شیـی دەکرێتەوە ٠

لە پەراوێزی ٦٢ دا باسی دامەزراندنی " الجیش الشعبی لتحریرالعراق" دەکا کە لە دووای سالی ١٩٧٥ لە لایەن کاك پۆلای شێخ مارفی بەرزنجییەوە لە قاهیرە دامەزراوە؟٠ ئەوەی شایانی باس بێ ئەو ریکخراوە لە لایەن( معین حسن النهر) ەوە لە سالی ١٩٦٨ دامەزراوە٠ بە پێی ئەو راگەیاندنەی لە کۆتایـــی نیسانی ١٩٧٦ بلاوکراوەتەوە ، بە بۆنەی لە سێدارە دانی چەند ئەندامێکـــی ئەو ریکخراوە لە ٢٥/٤/ ١٩٧٤ لە لایەن حکومەتی بەعسەوە (تەماشای بیـــان جیش التحریر الشعبی العراقی ـ القیادة العامة ـ اواخر نیسان ١٩٧٦ بکە) هەروەها بۆ زانیاری پتر سەیری رۆژنامەی التحریر ـ (العدد ١ـ کانون الاول ٨١) . بێگومان نامانەوێ باسی هێندی بەڵگەو سەرچاوەی تر بکەین ، کە د٠ نەبـــەز پەنجەی بۆ راکێشاون وەك بەڵگەو سەنەد بە کاریان دێنێ دژی هەڵوێست و رێبازی پارتی کۆمونیستی عیراق وەك نووسینەکانی نجم محمود و بەهادین نیوری٠٠٠ ، چونکە جیاوازیان هەیە لەگەڵ سەرچاوەی دەزگای جاسوسی عیراق وانە " أضواء ـ والموسوعة السریە" ئەم کەم و کوریەی لە بەکار هێنانی سەرچاوەو بەڵگەکانـدا بەرچاو دەکەوێ ، ئەوە ئەنجام دەدا کە د٠ نەبەز ئەمانەتی عیلمی لەم بۆوارەدادا راچاو نەکردوە٠ خستنە سەر نێت:ـ چالاک

chalakmuhamad@gmail.com

# هێندی وردە سەرنجی تر لە بارەی
# «بەندی یەکەم»ی کتێبەکەی د. جەمال نەبەز

هێندی زانیاری تر لەو بەندەدا هاتوە ، کە نەم‌ویست لەبەشی یەکەم و دووەمی ئەم شی‌ کردنەوەیەدا پەنجەیان بۆ رابکێشم ، بەلاّم بە پێویستیشم زانی پشت گوێیان نەخەم ٠

لە لاپەرەی ٣٨ دا د٠ نەبەز دەنووسێ : " **لە مانگی نوامبەری سالّی ١٩٦٧ رێکخراوێك بە نێوی( رێکخراوی خەباتی چەکدارانە) - منظمة الكفاح المسلح- وە لە زۆنگاوەکانی (الاهوار) خواروی عیراقدا ، بە تایبەتی لە چبایش و مدەنیەدا دامەزرا و هێندێك چەك و مشحووف ( المشحوف ) یان کرێ بۆ شەر- چەند کەسێکی وەك ئەحمەد زەکی کە خورتێکی عەرەب بوو ، و ماوەیەکیش لە ئەورووپا ژیا بوو٠٠٠"٠**

ئەوەی راست بێ ، ناوی ئەو رێکخراوە بەم جۆرە بوو - بەرەی خەباتی میللی جبهة الكفاح الشعبی " . لە ١٩٦٨/٦/١ بەیانی دامەزراندنی بلاّو کردۆتەوە ٠(٣٧) ، نەك وەك د٠ نەبەز دەنووسێ ؛ پاشان تێکۆشەر خالید ئەحمەد زەکی یەکێك بووە لە سەرکردەکانی ئەم رێکخراوە( دیارە دوکتور ناوەکەشی بە تەواوی نەزانیوە ) ، جگە لەوەش ئەو رووناکبیرە شۆرشگێرە لە لەندەندی خوێندوەو ئەندامی دەزگای براتراندرسل بۆ بەرگری کردن لە زیندانیەکانی عیراق ٠

( مؤسسة رسل للدفاع المعتقلین فی العراق ٠) ٠٠٠٠

لە لاپەڕەی ٣٨-٣٩ دا د. نەبەز دەنووسی : " **جا لەبەر ئەوەی ئەو دەمە(واتە ساڵی ١٩٦٧) عەزیز محەممەد وتوفیق ئەحمەد و عومەر علی شێخ... ،ناچار بوون لە ڕێی کاربەدەستانی شۆڕشی کوردەوە کە لەگەڵ ڕێژێمی ئێراندا نیوانیان باش بوو ، بگەڕێنەوە کوردستان** ". دیارە ئەو سێ کەسە زیندوون، بۆیەش نووسەر لەم بارەیەوە پێوەندی بە یەکێک لەوانە کرد، ئەویش ڕایگەیاند کە ئەو دەنگ و باسە ڕاست نیە، بەڵکو ئەوان لە ڕێگای سووریاوە بە دزی گەڕانەوە وڵات. هەر لەو لاپەڕەیەدا دەڵێ : " **لەو کۆنفەرانسەدا ( مەبەست کونفەرەنسی سێ یە ) عەزیز محەممەد هەڵبژێردرا بە سکرتێر** ". ئەوەی ڕاست بێ هاوری عەزیز محەمەد لە ساڵی ١٩٦٤ وە سکرتێری پارتی کۆمونیستە ، بۆیە لەبارەی زمانەوە دەبوایە بڵێ ( **هەڵبژێردرایەوە** ) نەك هەڵبژێردرا .

د. نەبەز لە لاپەرە٤٤ دا دەنووسی " **لە ساڵی ١٩٧٢ شەش ئەندامی پارتی کۆمونیستی عیراق ( کۆمیتەی نێوەندی) بە دزیەوە لە یەکێتی سوڤیەتەوە بەرە و عیراق گەڕانەوە** .. ". دیارە ژمارەکە شەش نەبوو ، بەڵکو ١٢ کەس بوون هەموویان شەهید کران .

لە لاپەرە ٥٤ دا دەنووسی : " **یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی نێوەندی لە ئەیلولی ١٩٨٢ دا لەوێ گیرا ( لە کوردستان) ،بریار لەسەر گرتنی (ڕێ‌ڕەوی خەبات ی چەکدارانە) درا بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم** .. ".

بەڵام لە بەیانی سیاسی پارتی کۆمونیستی عیراق لە ساڵی ١٩٨٤ دانووسراوە : " تبنى الحزب منذ عام ١٩٧٩ اسلوب الكفاح المسلح في نضاله ضد السلطة الدكتاتورية . وفي اجتماعها الكامل الاعتيادي في تشرين الثاني ١٩٨١ اعلنت اللجنة المركزية عن اعتبار الكفاح المسلح الاسلوب الرئيسي من اساليب الكفاح المتنوعة ". (٣٨)

د.نەبەز دەنووسی : " ... **هەر لە کۆتایی نواڤەری ١٩٨١ دا کۆبوونەوەی کۆمیتەی نێوەندی حیزب بە بەشدار بوونی ( هاورێ سوڤیەتیەکان) دەستی پێکردوە** - ( لاپەرە ٥٥).

پرسیارێك دەکەوێتە مێشکی خوێنەر ، دەبێ دوکتور نەبەز خۆی بەشداری

لەو کۆبوونەوەیە کردبێ ؟ بۆیە پەنجەی بۆ سەرچاوەی ئەو راگەیاندنەی رانەکێشاوە .

## ئەنجام:

شی کردنەوەی بەندی یەکەمی ئەو کتێبەی د . جەمال نەبەز بە چەند ئەنجامی گەیاندین :

١- بە گشتی نووسەر هەولی داوە رووداوەکان بە جۆرێك لێك بداتەوە دوور لە راستی مێژوویی ، بەلکو ڕێچکەی گشتی نووسینەکەی لە روانگەی بیری کاژێك و دژایەتی کۆمونیزم دارێشتوەو لەبەر رۆشنایی ئەو دێرانەدا کە لە بەیاننامەی کاژێك لە سالی ١٩٦١ دا هاتوە : " **لەبەر ئەوەی بیری کۆمونیزم مەترسیەکی زۆر گەورەی هەیە بۆ سەر بیرو باوەری کاژێکی** " (٣٩) ، ئەوەش بۆتە هۆی شیواندنی هەلوێستەکانی پارتی کۆمونیستی عیراق بەرامبەر بە مەسەلەی کورد

٢- نووسەر ، ئەمانەتی عیلمی رچاو نەکردوە لە بەکار هێنانی سەرچاوەو بەلگەکان ، بە زانایی بێ یان بە نەزانی بۆ چوون و مەبەستی نووسەری کتێبی " الأضواء" دووپات کردۆتەوە و هەمان تاوانی دەزگای جاسوسی عیراقی دووبارە کردۆتەوە ، کە هەلوێستی کۆمونیستەکانی شێواندوە بەرامبەر مەسەلەی " یەکێتی عەرەب و مەسەلەی فەلەستین و رووداوەکانی دوای شورشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ " . دوکتۆریش هەمان ڕێچکەی گرتوە بەرامبەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد و پارتی کۆمونیست .

٣- ئەوەی چاوەرووان نەدەکرا ، د . نەبەز وەك " مێژوو نووسێك" ، لە نووسینی مێژوو رووداو و ناوی کەسانی نێو کتێبەکەی بە چەوتی تۆمار بکا .

٤- مەبەستی ئەو نووسینەی ئێمە ، تەنیا راستکردنەوەیە ، نەك لێکۆلینەوەی بیرو باوەری د . نەبەز کە ئەوە خۆی لە خۆیدا پێویستی بە پێداچوونەوەیەکدا هەیە بە هەموو بەرهەمەکانی د . نەبەز ، ئەوەش کاریکی زۆری دەوی ، هێواداریـن رووناکبیرانی پیشکەوتوخواز ئەو ئەرکە جێ بە جێ بکەن و خوێنەری کورد لەو جۆرە سەر لێشواندنە رزگار بکەن .

## سەرچاوەکان


١ ـ بەلگەنامەی (٥) ،بانگی کاژیک ،ژمارە "٤" ١٨ ئابی ١٩٦٨
٢ ـ گۆڤاری نیشتمان ـ پێشەکی ، حەمال نەبەز ـ، ١٩٨٥ ،ستۆکهۆلم ٠ ل ٥٨
٣ ـ جەمال نەبەز ـ گۆڤاری کۆمۆنیستانەی "یەکیتیی تیکۆشین، ستۆکهۆلم، ١٩٨٨ ـ لاپەرە ١
٤ـ هەمان سەر چاوە لــ ١٠
٥ ـ بەیاننامەی کاژیك لە ١٣/١٠/١ ١٩٦ ـ تەماشای "بانگی کاژیك" ی ژمارە "٣" ،ئەیلوولی ١٩٦٨ بکە٠
٦ـ د٠ مجید خدوری ، العراق الجمهوری ـالطبعة الاولی ،بیروت ١٩٧٤ص١٦٦
* ـ أضواء علی الحرکة الشیوعیة فی العراق ـ ئەم کتێبە لە چەند بەرگێکدا لە لایەن دەزگای جاسوسی عیراقە وە چاپکراوەو بلاوکراوەتەوە ،بە مەبەستی شێوا ندنی هەلوێستی پارتی کۆمۆنیستی عیراق ومێژوو ،خەباتی ئەو پارتە لە پێناو رزگاری عیراقدا ٠ بێگومان ئەو کتێبە پشتی بە زۆر راپۆرت وبەیان و رووداوی دەزگای جاسوسی عیراق بەستوتەوە،بەلام نووسینکە وا داریژراوە کە کۆمۆنیستە- کان بە ناپاك ونۆکەر و دوژمنی بزوتنەوەی نەتەوەیی وجیاواز خواز و هەڤالــــــی سەیونیزم پیشان بدا ٠ بێگومان ئەو کتێبە وبەلگەکانی جێی گومانن ،بەلام دوکتۆر جەمال نەبەز وەك راستییکی گومان لێ نەکراو دەخاتە بەر دەست خوێنەری کورد و بەمەبەستی سەلماندنی بۆ چوونەکانی بەرامبەر کۆمونیستەکان ٠
٧ ـ جەمال نەبەز ، گۆڤاری کۆمونیستانەی ـ٠٠٠٠لــ ٣
٨ ـ سعاد خیری ـ من تاریخ الحرکة الثوریة المعاصرة فی العراق ـ ج ١، ٢٠ــ٩٥٨ ص ٦٠
٩ ـ سعاد خیری و زکی خیری ـ دراسات فی تاریخ الحزب الشیوعی ـ ١٩٨٤،ص ١١٥
١٠ـ ماجد عبدالرضا ، القضیة الکردیة فی العراق ـ ١٩٧٥ بغداد ، ص٨٣

١١ ـ فائق بطى ـ الصحافة اليسارية فى العراق ،لندن ـ١٩٨٥ ص ١١٦
١٢ ـ ليث عبدالحسين الزبيدى ـ ثورة ١٤ تموز فى العراق ،بغداد :١٩٧٩ ص٩٥
١٣ ـ موجز تاريخ الحزب الشيوعى فى الاتحاد السوڤياتى ـ موسكو، ١٩٧٠ ص٩ ٤
١٤ـ د٠ نەبەز سەرچاوەی پێشوو ل ـ ٢٣
١٥ ـ ليث عبدالحسين ـ ثورة ١٤ تموز ٠٠٠٠ ص ١١١
١٦ـ هەمان سەرچاوە ،پەراوێزی (٣١) ص ١١١
١٧ ـ هەمان سەرچاوە ٠٠٠ ص ٧٧ ٤

لە پەراوێزی (٢٠)ی ئەو کتێبەدا نووسراوە :" لقد هاجم الاستاذ كامل الجادرجى قرار ايقاف نشاط الحزب وذلك فى الاجتماع الذى جرى بين اقطاب الحزب المذكور فى٢٤ ايلول ١٩٥٩ وقد حضر الاجتماع **محمد حديد وزير المالية و هديب الحاج حمود وزير الزراعة وقد بدا كامل الجادرجى الحديث قائلا : " ان عملكم بتجميد اعمال الحزب خطا كبيرا ، فكيف يجوز لكم البقاء فى الوزارة والحزب مجمد " فاجابوه :" ان ما قمنا به كان استجابة لأمر الزعيم"**

**١٨ ـ ليث عالحسين ٠٠٠ ص ٤٨٩** حديث عبدالكريم قاسم مع وفد الاتحادات و النقابات العمالية : " لقد ذهب ضحية هذه الحوادث ( يقصد حوادث كركوك) ٧٩ قتيلا، يضاف اليهم ٤٦ شحصا دفن بعضهم أحياء ٠٠٠٠" و لە لاپەرە ٤٤٣ دا دەنووسێ : " حيث بلغ عدد الذين سحلوا فى شوارع الموصل ثلاثين شخصا من المدنيين والعسكريين بضمنهم العقيد الشواف٠ عدا الذين جرى اعدامهم فى الدملماجة بعد ان حكمت عليهم المحاكم القصابية با لاعدام حيث بلغ عددهم ١٧ شحصا ٠ "( مقابلة شخصية مع العقيد شمس الدين عبدالله الحاكم العرفى العسكرى فى عهد قاسم )٠

**١٩ ـ تاريخ الاقطار العربية المعاصر ،جزء الاول ،موسكو ١٩٧٥ ـ حول الارهاب ضد الشيوعيين ص ٣٤٠** " من اواسط عام ١٩٥٩ حتى ايار(مايو) ١٩٦١ حكمت المحاكم العسكرية با لاعدام على ١١٢ وطنيا وحكمت على ٧٧٠ شخصا بالسجن لمدد مختلفة، بلغ عدد المعتقلين والسجناء لاسباب سياسية فى عام ١٩٦٠ ٢٢الفا

٢٠ - تەماشای نامیلکەی " ٤٥ عاما من النضال فی سبیل وطن حر وشعب سعید - منشورات الحزب الشیوعی العراقی - ١٩٧٩ ،ص ٥٤

٢١ - جەمال نەبەز ، سەر چاوەی پێشوو ل ٢٩

٢٢ - رسالة الرفیق سلام عادل ،السكرتیر الاول للجنة المركزیة للحزب الشیوعی العراقی الی الاحزاب الشیوعیة والعمالیة ،بتاریخ ٢٦/٥/١٩٦٢.

٢٣ - تقیم سیاسة حزبنا وخطه العام بین المجلس (الكونفرنس) الحزبی الثانی ١٩٥٦ والمجلس الثالث ١٩٦٧ والمنشور فی " مناضل الحزب" العدد الرابع السنة (١٤) اواخر شباط ١٩٦٨ ،ص ٩-١٠

٢٤- تقیم سیاسة حزبنا ....ص ١٣

٢٥ ، ٢٦ ،٢٧ - اسماعیل العارف - اسرار ثورة ١٤ تموز وتاسیس الجمهوریة فی العراق ، لندن ،منشورات الماجد . ١٩٨٦ ص ٤١٢

٢٨- محەمەدی مەلا كەریم - لە كۆری پرسەی ئەحمەد عەفوردا دوو دڵۆپ فرمێسك". نووسەری كورد ژمارەی ٥ خولی دووەم تشرینی ٢ی سالی ١٩٨٠ ل. ١٨٦ - ١٨٧ ، ئەوەی شایانی باسە لەم ژمارەیەی نووسەری كورد دا د. جەمال نەبەز ووتاریكی بلاو كردۆتەوە بەلام ئەوەی كاكە حەمەی لە بارەی ئەحمەد غەفورەوەپشت گوێ خستوە.

٢٩- لیث عبدالحسین - ثورة ١٤ تموز ... ص ٤٦٥ .

٣٠- سیاستنا وطریقنا لحل المسالة القومیة الكردیه. بغداد. آذار ١٩٦٢ص ٢١

٣١- لەم بارەیەوە تەماشای (پەیف)ی ژمارە ٤ نیسانی ١٩٨٧ ل . ٥٥٥- ٥٦٥بكە (جەمشید حەیدەری - مەسەلەی كورد لە بەلگەنامەی حیزبەكانی كۆمونیست و كریكارانی ولاتانی عەرەبدا).

٣٢ - رێبازی بزوتنەوەی ئازادیخوازی كورد. راپۆرتی سیاسی سەركردایەتی كاتی پارتی دیموكراتی كوردستان كە لە لایەن كۆنفەرەنسی پارتیەوە لە(١١-١٥) ی ئابی ١٩٧٦ پەسند كراوە . لاپەرە ٤٩.

٣٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەرە ٥٠.

٣٤ ـ هەمان سەرچاوەی پیشوو لاپەرە ٣٦٠

٣٥ـ هەمان سەرچاوە لاپەرە ٣٦٠

٣٦ ـ هەمان سەرچاوە لاپەرە ٣٧٠

٣٧ـ بيان جبهة الكفاح الشعبى ١ حزيران ١٩٦٨

٣٨ـ البيان السياسى الصادر عن الاجتماع الاعتيادى الكامل للجنه المركزيه للحزب الشيوعى العراقى فى اواخر حزيران ـ اوائل تموز ١٩٨٤ ص ٣٩٠

٣٩ـ بانگی کازیك ژمارە ٤ ـ ١٨ی ئاب ( ئەیلول ـ ١٩٦٨ ـ بەلگەی(٥)تشرینی دووەمی ١٩٦١ ٠

Cemşîd Heyderî

# Rastkirdinewe Yan Şêwandin

STOCKHOLM- 1988